کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشرەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٥-نیوەی یەکەمی خاکەلێوە ١٤٠٢-مارس ٢٠٢٣

## ساڵی نوێ، ساڵی شۆڕشی ژینا ، ساڵی جەماوەر بونەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، پیرۆز بێت




### پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ڕێبەندان ساڵرۆژی ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە.

ل۴



### یادی٣٥مین ساڵەی بۆمبارانی شیمیانی هەڵەبجە و گیانبەختکردنی هاوڕێیانی گوردانی شوان ل۸




ل۳



### پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژن ل۶

### ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە مەنشوری ڕەزا پەهلەوی و لایەنگرانی و کەڵک وەرگرتنی ناڕوا لە ناوی" کۆمەڵە"

ل۳



### دیفاع لە ژینگە داکۆکی لە مافە سەرەتاییەکانی ئینسانە ل۷

سەروتار

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
### بە بۆنەی نەورۆز و ساڵی تازەوە

ئەو پەیامە لە ڕوژی نەورۆزی ١٤٠٢ دا لە لایەن هاوڕێ ئیراهیم عەلیزادەوە لە تەلەویزیونی کۆمەڵە پێشکەش کرا.

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان!

هاتنی بەهار و ساڵی نوێتان لێ پیرۆز بێت. بەهار کە هێمای نوێبونەوەیە و سروشت گیانێکی تازەی دێتەوەبەر، هێوادارم بۆ ئێوەش خەم رەوێن و موژدەبەخشی رزگاری و توانەوەی بەستەڵەکی ستەم و ئازادی و ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ هەموان بێت.

ئەمرۆ نوێ جەژنی ژینا و زیاتر لە ٦٠٠ کیژ و کوڕی ئەو ولاتەیە کە بە دەست پاسەوانانی رژیمێکی جەلاد لە ٦ مانگی رابردوودا گیانیان بەختکرد.ئ ەوان دڵیان کەیلی خۆشەویستی بوو بۆ ژیان و هیوا بە ئازادی و ناویان لە لاپەڕەکانی مێژووی پڕلە سەروەریدا و وەک سەرقافلەی شۆڕشێکی ڕزگارییەخش تۆمار بوو. هەزاران سلاو بۆ دایکان و باوکان و ئەندامانی بنەماڵە سەربەرزەکانیان کە ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردن و یادکرنەوەی ئازیزانیشان کردە شانۆی خەبات و خۆراگری و درێژەی خەباتی رۆڵەکانیان. لەو رۆژەدا جارێکی دیکە یادیان دەکەینەوە و بە بنەماڵە خۆڕاگرەکانیان دەڵێین: دڵمان لەگەڵ دڵتانە و خەمی ئێوە خەمی بە ملیۆنان خەڵکی ئەو ولاتەیە و خوێنی لاوانمان بەفیڕۆ ناچێ و داری سەرسەوزی ژیان ئاودێر دەکات.

با لەو رۆژەدا یادی هەزاران ئینسانی کۆمۆنیست و ئازادیخواز بکەینەوە کە لە ماوەی ٤٤ساڵی رابردوودا چ لە ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامی و چ لە مەیدانەکانی خەباتی پیشمەرگانەدا گیانیان بەختکرد و تۆوی هیوا بە سەرکەوتنیان لە دڵی ئێمەدا چاند. هەزاران سلاو بۆ بنەماڵە سەربەرزە کانیان.

ئەمڕۆ زیاتر لە ٦ مانگ بەسەر شۆڕشێکدا تیپەڕ دەبێت کە لە کوردوستانی خۆڕاگرەوە سەریهەڵدا، بە خێرایی هەموو ئێرانی گرتەوە و ناو و ناوبانگ و کاریگەریەکانی سنورەکانی تێپەراند. ئەو رۆژەی کە بنەماڵەی سەربەرزی ژینا رێگەیان نەدا ڕۆڵەکەیان بە تاریکی شەو و بە نهێنی ئەسپەردەی خاک بکرێت،

ئەو ڕۆژەی کە جەماوەری خەڵکی سەربەرزی شاری سەقز، بنەماڵەی ژینایان بە تەنیا نەهێشتەوە و بە هەزاران کەس خۆیانگەیاندە ئارامستانی ئایچی و دروشمی پڕ لە واتای " ژن، ژیان، ئازادی"یان بەرزکردەوە، حەرەکەتێکی مێژوویيان بەرێوەبرد و زەنگی شۆڕشێکیان لێدا کە هیوای بە رزگاری لە ناو دڵی بە میلیونان ژنی ستەملێکراو، لاوی بێ ئاسۆی خۆشی نەدیو لە ژیان گەشاندەوە.

شۆڕشێک کە مزگێنی دا بە هەمووان: ئازادی و یەکسانی لەڕێدایە. ئەو شۆڕشەی کە بە خوێنی ژیناکان و نیکاکان ئاودێرکرا، سەرەڕای هەر هەوراز و نشێوێک کۆمەڵێک دەسکەوتی حاشا هەڵنەگری بەدەستهێناوە کە سیمایەکی دیکەی بە کۆمەڵگای ئێران بەخشیوە.

دریژە ی ل٢

## دریژە ی : (سەروتار)
## پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی نەورۆز و ساڵی تازەوە




لە ماوەی ۴۴ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، گەلێک سەرهەڵدانی جەماوەریی لە ئێران ڕوویانداوە، بەڵام ئەوە تەنیا شۆڕشی ژینایە کە ئەزموونی بەدەستهێناوە و تا ئێستا هەروا بەردەوام بووە. ڕژیمی ئیسلامی هەرچی لە توانای دابوو دژ بە خەڵکی تووڕە و ناڕازی دژ بە کچان و کوڕانی شۆڕشگیر بەکاری هێناو و نەیتوانی بڵێسەکانی ئەو ئاگرە خامۆش بکات.

ئەو شۆڕشە هاوسەنگی هێزی بە قازانجی بەرەی خەڵک گۆڕی. ئەو ڕاستییە ئەمڕۆکە لە سیمای شارە گەورەکانی ئێران و لە کوردستان و کۆمەڵگای ئێراندا بەگشتی دەبینین. ژنانێک کە بێباک لە زەبر و زەنگی ڕژیم حیجابی زۆرەملێ تووڕ هەڵدەدەن.

پەلەقاژە و هەڕەشەکانی ڕژیم لەم بوارەدا بێ سەمەرە. کچان و کوڕانێکی ئازا و بوێر دەبینی کە بە کوێرایی چاوی ئەو دوژمنەی کە بەردەوام هەوڵیداوە شادی و خۆشی لەو وڵاتە بنەبڕ بکات، لە شەڕێکی ئیرادە دا وەکوو کاردانەوەیەکی سیاسی، تەنانەت گیانبەختکردوانیشیان بە ئاواز و مۆسیقا بەخاک دەسپێرن. ئێمە هەر لەو ماوەیەدا شاهیدی گۆڕانکارییەکی قووڵی فەرهەنگی لەناخی کۆمەڵگای پیاوسالاری ئێراندایین.

ئەمڕۆ ژنانی پێشڕەو لە ئێران بوونە تەوەری سەرەکی شۆڕشی ژینا و پاشەکشەی بەرچاویان بە فەرهەنگ و نەریتی کۆنەپەرەستانە کردووە، ژنان نیشنیاندا کە نەک هەر ئینسانی پلە دوو نین، بەڵکوو پێشەنگ و هیوای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتین. بەڕوونی دەبینین کە ئەخلاق و هەڵسوکەوتی پیاوان بەرانبەر بە ژنان لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا لەچاو پێش لە شۆڕشی ژینا ئاڵوگۆڕی بەرچاوی بەسەردا هاتووە . بەرهەمی شۆڕشگێڕانەی هونەریی چیتر لە پەنا و پەسیوەکاندا نەماونەتەوە و لە ماوەی ۶ مانگدا گەلێک زیاتر لە ۳۰ ساڵی ڕابردوو بەرهەمی خوڵقاوە و ئەوە تەنیا دەتوانێت بەرهەمی شۆڕشێکی وەک شۆڕشی ژینا بێت.

بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە، پێویستە شۆڕشی ژینا بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، بەرەو قووڵایی کۆمە لگا، بەرەو هێنانەمەیدانی بەملیۆن خەڵکی کرێکار و زەحمەکێش و جەماوەری خەڵکی گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکان هەنگاو بنێت. لێرەدایە کە ئاسۆی سەرکەوتنی دەردەکەوێ. بێگومان لێرشدا ژنانی کرێکار، باری هەژاریی ونەداریی پێش هەموان بەسەر ئەواندا قورسایی دەکات، هەربۆیە دەتوانن و پێویستە پێشەنگی ئەو خەباتە بن.

ئا ز یز ا ن !

ڕژیم لە هەموو ڕوویەکەوە تووشی قەیران هاتووە و بۆ چارەسەرکردنیشیان هیچ ڕێوشوێنێکی چارەنووس سازی لەبەردەمدا نییە. هەموو ئەو قەیرانانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی بووەتەوە، دەگوازرێتەوە بۆ ساڵی نوێ. قەیران و شپرزەیی ئابووری بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. سفرەی زۆرێک لە بنەماڵەکان خاڵیە و گرانی و نەداری تەنگی پێ هەڵچنیون. ئەو ڕژیمە هیچ ڕێگاچارەیەکی بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە پێ نییە. بەڵام هەر وەک دەبینن ئەو قەیرانە نەک هەر نەبۆتە هۆی کەمکردنەوەی خەرج و مەسرەفی بە لێشاوی سپا و بەسیج و هێزە سیخوڕی و ئەمنیەتییەکان، نەک هەر نەبۆتە هۆی دابەزینی ئاستی ژیانی دەست و پێوەندەکانی ئەو ڕژیمە و کەلەکە کردنی سەروەت و سامانی بەرپرسانی ئەو ڕژیمە بەڵکوو لەپاڵ ئەوانەدا دزی و گەندەڵیش بەوپەڕی خۆی گەیشتووە،

جێگەو و پێگەی ئەو ڕژیمە لە ناوچەکەشدا لێژ بووە. ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان ئەم ڕژیمە زەمانەتی مانەوەی خۆی لە دەست تێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکەدا دەدیتەوە، ئێستا هەر ئەو سیاسەتە بۆتە خاڵێکی لاواز بۆی. فریوکارییەکانی چیتر کاریگەرییان نییە و کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی موسڵمان نشینیش لێی بێزاربوون و یەکەم نیشانەکانی لە سازان لەگەڵ عەرەبستانی سعودی و دەست هەڵگرتن لە پشتیوانیکردنی شیعەکانی حوسی چا چە بینین.

بە ڕپرسانی کۆماری ئیسلامی بەڕوونی دەزانن کە چینی کرێکاری ئێران لە چ تواناییەک بۆ لەکارخستنی چەرخی ئابووری ئەو وڵاتە بەهرەمەندە؛ دەزانن کە لە دڵی ژنانی ئەو وڵاتەدا چ گڕوتینێک بۆ ڕزگاری چرۆی کردووە؛ دەزانن کە نەوەی نوێی ئەم وڵاتە لە چ ئاستێکدا بەرانبەر بەم ڕژیمە و بەرانبەر بە سوننەت و فەرهەنگی کۆنەپەرەستانەی خۆڕاگری دەکەن؛ لە تواناییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان ئاگادارن. بەرانبەر بە هەمووی ئەم زەرفیەتە خەباتکارانەیەی کە لەم وڵاتەدا پەنگی خواردوەتەوە، ئەم ڕژیمە تەنیا ئامرازێک کە لە بەردەستیدایە، زەبر و زەنگ نواندنە، کە ئێوە و ڕژیمیش زۆر باش ئەوە دەزانن کە ئەمەش لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە خەڵکی ئەم وڵاتە چاوترسێن بکات.

لە ساڵی داهاتوودا. مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران درێژەی دەبێت و کەسایەتیی بەرچاوی زیاتر لە جەرگەی ئەم خەباتەدا سەرهەڵدەدەن. بزووتنەوەی موعەلیمان خواستەکانی خۆی بە جیددییەتێکی زیاترەوە پەیگیری دەکات. کیژان و کوڕانی لاوی ئەو وڵاتە کە بەنرخترین ساڵەکانی تەمەنیان پڕە لە نیگەرانی بەرانبەر بە داهاتووی ناڕوونیان و لە خۆشییەکانی ئەم دەورەیەی ژیانیان بێبەشن، جەسوورانە تر دێنە مەیدان تا مافی خوراوی سەرەتایی و ئینسانیی خۆیان لە گەروی ئەو ڕژیمە دەربکێشن و ئاسۆی ژیانی دوارۆژیان ڕوون بکەنەوە.

ئازیزان !

بەرانبەر بەم بارودۆخە جەوهەری سیاسەت و ڕێبازی ئێمە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەزانین ئازادی واقعی خەڵکی کوردستان لە دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەریدایە. یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لەڕێگای بەرپاکردنی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی جەماوەر دابین دەبێت. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش و ستەملێکراو، بە حوکمی ئەوەی زۆرینەی ئەو جەماوەرە پێکدێنن، کەسایەتی و جێگاو شوێنی واقعی خۆیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەبیننەوە. پێویستە هەرچی زیاتر پشت بە هاوپەیمانانی هاو چارەنوسی خۆیان لە هەموو ئێران ببەستن. تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە دەتوانن بەرامبەر بە هەر هەڕەشەیەک پارێزگاری لە دەسکەوتەکانیان بکەن.

کۆمەڵە بە درێژایی خەباتی سیاسیی خۆی لە چەند دەیەی ڕابردوودا بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی ستەملێکراو و زەحمەتکێش پشت ئەستوور بووە و ئەو پشتیوانییە هێز و توانا و بڕوابەخۆی پێ بەخشیوە.

لە سەرەتای ساڵی نوێ و گەرمەی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی دا جارێکیتر بەڵێنیی خۆمان بۆ خەباتی بێ ڕاڕایی و لێبڕاوانە لەپێناو ژیانێکی پڕ لە ئاشتی و ئاسایش و خۆشبژێوی، ژیانێکی ئازاد و بەدوور لە چەوسانەوە و هەڵاواردن و ستەم، لەپێناو بەسەرکەوتن گەیاندنی شۆڕشی ژینادا، کە ئاواتی گیانبەختکردووانی سەربەرزیشمانە، دووپات دەکەینەوە. جارێکیتر ساڵی تازەتان لێ پیرۆز بێت .

***

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلینۆمی سێهەمی کۆمیتە ناوەندی کۆمەڵە

ئاگادارتان دەکەین کە سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ۱۸، ڕۆژەکانی شەممە و یەکشەممە ۲۰ و ۲۱ ی مانگی ڕەشەمەی ۱٤۰۱ ڕێکەوتی ۱۱ و ۱۲ ی مانگی مارسی ۲۰۲۳ بە بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و بە حوزوری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کاتی حیزبی کۆمونیستی ئێران و ئەندامانی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب و ژومارەیەك لە کادرەکانی کۆمەڵە، وەک چاودێر بەڕێوەچوو.

پلینۆم بە سرودی ئەنترناسیۆناڵ و یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی شۆڕشی" ژن، ژیان، ئازادی" و سەرجەم گیانبەخت کردوانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم، دەستی بەکارەکانی کرد.

دەستور جەلسەکانی ئەم پلینۆمە بریتی بوون لە:

۱ – ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ڕێبەری کۆمەڵە بە پلینۆم و قسە و باس کردن لەسەری،

۲ – ڕاپۆرتی تەشکیلاتی، کە ڕاپۆرتی سەرجەم ئۆرگانە تەشکیلاتیەکان و چالاکیەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتی لە خۆی گرتبوو،

۳ – دیاری کردنی تاریخی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ۱۳ ی حیزبی کومونیستی ئێران،

٤–قەرار و بریارنامە پێشنیار کراوەکان

۵ – دابەش کردنی کاری نێوخۆی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە.

ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ڕێبەری بە پلینۆم چاوگێرانێک بوو بەسەر گرنگترین ئاڕاستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەمڕۆدا وەک: قەیرانی ئابووری جیهان دوای کوڕۆنا، هێرشی وێرانگەری ڕوسیە بۆسەر ئۆکڕاین، هۆکار و پاڵنەرەکانی، بێ وێنە ترین ئاستی گرانی و تەوەڕوم لە دنیادا، وەک یەکێک لە لێکەوتەکانی، واژۆی ڕێکەوتن نامەی ئاسایی کردنەوەی پێوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی بە نێوەندگیری دەوڵەتی چین و گرنگیەکەی لەم ڕووەوە کە یەکێک لە نیشانەکانی پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی لە دەستێوەردانە ناوچەییەکانیەتی، ئەوانە لە زومرەی باسەکانی ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ڕێبەری کۆمەڵە بە پلینۆم بوون.

لە باسی گوزارشی بارودۆخی سیاسی ئێراندا، گرنگترینی ئەو فاکتۆڕانەی کە سەرجەم بارودۆخی سیاسی ئێستایان دیاری کردوە، هاتبوونە گۆڕێ و هەڵسەنگاندیان بۆ کرا. پێگەی کۆماری ئیسلامی، شۆڕشی ژینا و دەرفەت و مەترسیەکانی بەردەم ئەم شۆڕشە، دەور و پێگەی هێزە جۆراو جۆرەکانی ئۆپوزسیۆنی کۆماری ئیسلامی، بارودۆخی سیاسی کوردستان و پێگەی هێزە سیاسیە چالاکەکان لەو ناوچەیەدا، کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێك لە کوێی ئەم وێنایەدا قەراری گرتوە، ستراتیژ، سیاسەت و ئاراستەی کۆمەڵە لە وڵامدانەوە بەم بارودۆخە، سەردێڕە سەرەکیەکانی ئەم بەشە لە ڕاپۆرتەکەیان پێکدێنا. لە پاڵ ئەو باسەدا ئاسۆی چالاکیەکانمان لە هەرێمی کوردستان، چلۆنایەتی بەرەڕوو بوونەوە لەگەڵ پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیەدا لە زومرەی باسە گرنگەکانی پلینۆم بوون.

بەشداری چالاکانەی هاوڕێیان لە قسە و باسەکان لەو پلینۆمەدا ئەم ڕاپۆرتەی وورد بینانە تر و دەوڵەمەند تر کرد. بڕیار درا کە ئەم باسانە لە ڕۆژەکانی داهاتودا لە ڕێگای ڕاگەیەنەرە گشتیەکانی کۆمەڵە و لە لایەن هاوڕێیانی بەشدار لەم پلینۆمەدا بەرە بەرە و لە ئاستی عەلەنیدا بڵاو بکرێنەوە.

لە باسی گوزارشی تەشکیلاتیدا، لایەنە جۆراو جۆرەکانی هەڵسوڕانی کۆمەڵە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و لە کوردستانی عێراق، خرانەبەر باس و لێکدانەوە. کەمکوڕی و خاڵە لاوازەکان دیاری کران و کۆمەڵێک ڕێکار بۆ چارەسەر کردنیان نیشاندران. پلینۆم هەروەها ئیبتیکاری عەمەلی بەڕێوەبردنی ئەو کۆنفڕانسانەی کە لەم دواییەدا لە لایەن ئەو کوموسیۆنەوە کە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە دیاری کردبوو، بە هاوکاری کۆمیتەی دەرەوەی وڵات، لە وڵاتانی ئاڵمان و سوئێد، بە بەشداری هەڵسوڕاوانی چەپی کوردستان بەڕێوەچوو بوون، بە ئەرێنی زانی.

پلینۆم هەروەها چەختی کردوە کە بە تایبەت لە درێژەی ئەو کۆنفڕانسەی کە تەمەرکوز و ناوەندی سەرەکیەکەی لە وڵاتی سوئێد بوو، لە ماوەی لانیکەم دوو تا سێ مانگی داهاتوودا کۆنفڕانسێکی دیکە بە بەشداری بەرینتری لە هەڵسوڕاوانی چەپ و سۆسیالیست بە ئامانجی دەستەبەر کردنی ئاکامی دیاریکراو تر بەڕێوەبچێت. بەو کۆموسیۆنە سپیردرا کە لە تەداروکی بەڕێوەبردنی دا بێت.

بە هۆی کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کاتی حیزبی کومونیستی ئێرانیش لەم کۆبوونەیەدا ئامادە بوون، سەبارەت بە دیاری کردنی تاریخی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ۱۳ ی حیزبی کومونیستی ئێرانیش بڕیار درا. قەرارە کە کوموسیۆنی ئامادەکاری کۆنگرە لە هەوڵی بەدوادا چوونی ئەم بڕیارەدا بێت.

پلینۆم هەروەها لە باسی قەرار و بریارنامەکاندا، قەرارێکی سەبارەت بە پشتیوانی لە مەنشوری بڵاو کراوە لە لایەن ۲۰ تەشەکول و ناوەندی مەدەنی نێوخۆی وڵاتەوە پەسند کرد. لەم قەرارەدا هاتوە کە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەرەڕای ئەو کەموکوڕیانەی کە لە ناوەرۆکی ئەم مەنشورەدا بوونی هەیە، کولیاتەکەی تەئید دەکات و پشتیوانی لێ دەکات.

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە کۆتاییدا دوای دابەش کردنی کاری نێوخۆی کۆمیتەی ناوەندی و پێڕاگەیشتن بە هێندێک کاروباری تەشکیلاتی دوای دوو ڕۆژ کاری چڕوپڕ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
( ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران)
۲۲ ی مانگی ڕەشەمەی ۱٤۰۱
۱۳ ی مانگی مارسی ۲۰۲۳

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە مەنشوری ڕەزا پەهەلەوی و لایەنگرانی و کەڵک وەرگرتنی ناڕوا لە ناوی" کۆمەڵە"

ڕۆژی هەینی ۱۰ ی مانگی مارسی ۲۰۲۳ زاینی ڕاگەیاندنێکی بێ ناوەڕۆک کە پێکهاتنی وێنای سەوداگەری و نان بە نرخی ڕۆژخواردنی هەلپەرستانەی واژۆکارانی لە گەڵ یەکترە ، لەژێر ناوی" مەنشوری هاوپشتی□" لە ۱۷ بەند دا لە لایەن ڕەزا پەهلەوی کوڕی دیکتاتۆڕی پێشوی ئێران و پێنج کەس لە هاوبیرانیان بڵاو کرایەوە. تا ئەو جێگایەی بە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی مەنشورەکە دەگەڕێتەوە، بچوکترین پەیوەندی بە ئامانجەکانی شۆڕشی ڕزگاری بەخشی" ژن، ژیان، ئازادی"وە نییە. ئەم تەوافوق نامەیە داخوازی و ویستەکانی خەڵکی ستەم لێکرا، کرێکاران، ژنان، لاوان، نەتەوە ژێردەستەکان و لە وانە خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان نوێنەرایەتی ناکات. ئەم" مەنشورە" لەگەڵ تێکەڵ بوونی سپای پاسداران لەگەڵ ئەرتەش کە فریوکارانە لەژێر ناوی" هەڵوەشاندنەوەی سپا" دا ئاماژەی پێدەکرێت. یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی ئیستبداد و سەرکوت، واتە ئەرتەش دەپارێزێت و لە ئێستاوە ئەو هێزە سەرکوتگەرە وەک پشتیوان و پارێزەری نیزامی جێی سەرنجی ئەو مەنشور نووسانە ڕێز لێدەگرێت. ئەرکی وەها ئەرتەشێک بەپێی ناوەرۆکی ئەم تەوافوق نامەیە نەک دیفاع لە سنورەکان لە بەرانبەر هێرشی دەرکی، بەڵکوو پاراستنی تەواویەتی ئەرزی ئێران پێناسە کراوە. گومانی تێدا نییە کە" مەنشور" ی ڕەزا پەهلەوی و یارانی لەبنەڕەتدا مەبەستی ئەوەیە کە لە لایەن زلهێزەکانەوە بەرەسمی بناسرێ. واژۆکارانی ئەم مەنشورە ئامانجی هاوبەشییان چوونە نێو ڕەوتی سات وسەودای پشتی پەردە بۆ پێك هێنانی بەدیلی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی دیاریکردوە، ئامانجێک کە وەک " ڕاوێژ لەگەڵ دەوڵەتانی دیموکراتیک" ناوی دەبەن. بەم جۆرە ئەوان بە کردەوە هەوڵ ئەدەن خەڵک لە چاوەڕوانی ئاکامی ئەو بە ناو " ڕاوێژکاریانە" ڕابگرن و ئەوان لە درێژەدان بە ئاخێز و بزوتنەوەکەیان لە مەسیرێکدا کە گرتویانەتە بەر، سارد کەنەوە. بەڵام هەموو دیاردەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە واژۆکاران بە مەنشورەکەیانەوە ئاو هەست دەکەنەوە. ئەوان نە لە لایەن زلهێزە ئیمپریالیستیەکانەوە بە گرنگ وەردەگیرێن و نە لەلایەن خەڵکی تێکۆشەر و خوازیاری ڕوخانی کۆماری ئیسلامی بەشدار لە شۆڕشی" ژیان" دا ئەهمیەتیان پێ دەدرێت. بەڵام خاڵی جێگای سەرنج لە پێوەند لەگەڵ ئەم مەنشورە و ئەو شەش کەسە، کەڵک وەرتنی ناڕەوا لە ناوی" کۆمەڵە" لە لایەن ئاغای عەبدوللە موهتەدیەوەیە. ئاغای موهتەدی کە لە کەمپی ڕاست و پرۆ ڕۆژئاوایی ئۆپوزسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا جێگایەکی بۆخۆی و خەونەکانی دۆزیوەتەوە، ناوی جەریانی خۆش نێو، موعتەبەر، چەپ و سۆسیالیستی کۆمەڵەی لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ئێرانیدا، کردۆتە دەست مایەی سەوداگەری و زەدوبەند لەگەڵ جەریانی ڕاست و ناسیۆنالیستی عەزەمەت تەڵەبی ئۆپوزسیۆنی کۆماری ئیسلامی. نابێ ڕێگە بدرێت مێژووی ۵۳ ساڵەی ژیانی سیاسی پڕ لە خەبات و فیداکاری بە هەزاران ئینسانی گیابەختکردوو لە ژێر دەسەڵاتی هەردوو ئیستبدادی پاشایەتی و ئیسلامیدا لەگەڵ بە ملیۆن خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان بەم شێوەیە نا بەرپرسانە سازوسەودای پێوە بکرێت. کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە وێڕای ڕەدکردنەوەی ئوسولی مەشوری ڕاگەیەندراو، ڕایدەگەیەنێت کە واژۆی ئاغای عەبدوللە موهتەدی وەک دەبیر کوللی حیزبێک کە بە ناوی کۆمەڵەوە چالاکی دەکات لە پای ئەم مەنشورەدا، هیچ پەیوەندیەکی بە کۆمەڵە و سیاستە ناسراوەکانیەوە نییە ، کە ئەو ماوەی ۲۳ ساڵە لە مێژو و سوننەتە شۆڕشگێڕانە و پڕلە شانازیەکانی دوور کەوتۆتەوە.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
«ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران»
شەممە ۲۰ ی مانگی ڕەشەمە ۱٤۰۱
۱۱ ی مانگی مارسی ۲۰۲۳

***



دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٥-نیوەی یەکەمی خاکەلێوە ١٤٠٢-مارس ٢٠٢٣

پێشڕەو

# پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) به بۆنەی ٢٦ڕێبەندان ساڵڕۆژی ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە.

**ئەم پەیامە ڕۆژی ٢٦ ڕێبەندان لە تلویزیون و میدیاکانی تەسویری کۆمەڵە لە لایەن هاوڕێ «حەسەن ڕەحمان پەناه» ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە پێشکەش کرا.**



کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان جەماوەری ڕاپەریوی شۆڕشی» ژن ، ژیان، ئازادی « بنەماڵەی ئازیزی گیان بختکردوانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست ئێران و ڕێبازی سوسیالیستی زیندانیانی سیاسی خۆڕاگر و بنەماڵە سەربەرزەکانیان هاوڕێیانی پێشمەرگە و ئەندام و لاینگرانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای سڵاوی پێشمەرگانە :

بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە ، لە لایەن هەموو ریزەکانی کۆمەڵەوە گەرمترین پیرۆزبایتان پێشکەش دەکەین . دروودی گەرم دەنێرین بۆ یادی هاوڕێی رابەر و گیان بختکردوو، کاک حەمەحوسێنی کەریمی کە ڕۆژی کۆمەڵە ساڵرۆژی گیان بختکردنیەتە . هەروەها سڵاو دەنێرین بۆ یاد و فیداکاری زیاتر دوو هەزار و ٥٠٠ تێکۆشەر و کۆمۆنیستی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست کە لە پێناوی ئازادی و سوسیالیسم دا گیانی خۆشەویستیان بختکرد . لە جێگای خاڵی ئەو ئازیزانە ، لە ساڵڕۆژی ئاشکرا بوونی تێکۆشانی کۆمەڵە چپکە گوڵی ڕێزوخۆشەویستی دادەنێین. سڵاو دەنێرین بۆ یادوبیرەوەری زیاتر لە ٥٠٠ ئازیزی گیانبختکردووی شۆڕشی ژینا.

بەرێزان : ئەمرۆ ٤٤ ساڵ لە ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە و ٩ساڵ لە چالاکی نهێنی ئەم ڕێکخراوە دەگوزەرێت. لە ماوەی ئەم ٥٣ساڵەدا کۆمەڵە هەورازونشێوی زۆری بڕیوە ، زۆر گیروگرفت و دژواری هاتووەتە سەر ڕێی و هەروەها زۆر سەرکەوتنی گەورەی مسۆگەر کردووە. بەڵام ئەوەی کە کۆمەڵە ڕێگای خۆی ون نکردوە، ئاسۆ و ئوفۆقێکی بووە کە ڕۆژی ئەوەل بۆی پێکهاتووە و چرای ڕێنوێنی ڕێگای خەباتی بووە. ئەویش ئاسوی سوسیالیزمی زانستی و بەرابەری خوازی لە جەرگەی خەباتێکی بێ وچان و پڕاوپڕ لە فیداکاری لە ماوی زیاتر لە نیو سەدە تێکۆشانی نهێنی و ئاشکرا لە دوو دەسەڵاتی سەرەرۆ و دیکتاتۆری بووە. کۆمەڵە ئەگەر ئامرازی گەیشتن بە ئامانجی سوسیالیستی و دەسەڵاتی کرێکاران بووە، لە هەمانحاڵدا لە ناو خەباتی لێبراوانەی چینایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی نوێکردەوەتەوە و هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات ڕۆڵەی زەمانەی خۆی بێت و بووە. مێژووی نیوسەدە تێکۆشانی کۆمەڵە نیشانی دەدات کە ئەم ڕێکخراوە کۆمۆنیستە لە دەست بردن بۆ ریشەی ئازار و ڕەنجەکانی کۆمەڵگا جەسوور ، نەترس ، مافخواز و ڕێگا نیشاندەر بووە . ڕێشە بۆ کۆمەڵە یانی پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە ژیانی زۆرینەی کۆمەڵگا بووە. کۆمەڵە هێزێکی ڕادیکاڵە، بە واتای ئەوەی کە دەست بۆ ریشەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەبات و هەر ئەو تایبەتمندییش ڕەمزی سەرەکی جەماوەری بوونی کۆمەڵە بووە. چارەسەری ریشەیان بۆ دەدۆزیەتەوە، ڕادیکاڵە چونکە خەبات دەکات بۆ کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان، هەوڵ دەدات بۆ ئازادی و بۆ خوشبختی هەموو کۆمەڵگا. کۆمەڵە ئەمرۆ تەنیا ناوێک نییە ، بەڵکوو بزوتنەوەیەکی جەماوەرییە، بزووتنەوەی چەپ و سوسیالیستی کوردستانە. کۆمەڵە هێزی بەرەوپێشبەری ئەو بزوتنەوە یيە.ئەمە تەنیا قسەی ئێمە نییە ، ئەوە هەقیقەتی کۆمەڵگای کوردستان و تەنانەت ئیعترافی نەیارانی کۆمەڵە و دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی نارازی و بەندکراوانی سیاسییە.

کۆمەڵانی تێکۆشەری کوردستان ! جەماورەی هوشیاری شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی!

ئەمساڵ ڕۆژی کۆمەڵە لە هەلومەرجێکی جیاوازتر لە ٤٣ سالی رابردوو ڕێزلیَ دەگرێن . ئەم سال لە کاتێکدا یادی ڕۆژی کۆمەڵە و یادی ڕاپەڕینی شەڵالی خۆینکراوی ٥٧ دەکەینەوە کە جارێکی دیکە دەنگ و نرکەی ڕاپەڕین لە مەیدان و شارەکانی کوردستان و ئێران بەرز بووەتەوە . ئەگەر ساڵی ٥٧ کوردستان ناوچەیەک بوو کە دڕەنگ تر لە شوێنەکانی ئێران بە ڕاپەرین پەیوەست بوو، ئەم جارە جەخماخەی شۆڕشی ژن ، ژیان ، ئازادی ، لە کوردستانی سەربەرز و لە شارەکەی کاک حەمەحوسێنی ڕابەرەوە لێدرا. ئەگەر لە ڕاپەڕێنی ٥٧ تا دوا ڕۆژەکانی ڕاپەرین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستان بە نهێنی چالاکییان دەکرد، لە ڕاپەرینی ژینادا ، کوردستان ٤٣ ساڵە چالاکی حیزبی تێیدا بووە بە سونەت و ئاستێکی بانی خۆرێکخستن و ڕێگا نیشاندەرە بۆ هەموو کۆمەڵگای ئێران. ئەگەر داوخوازە دیمۆکراتیکەکان وە « جیایی دین لە دەوڵەت ، بەرابەری ژن و پیاو، ئازادی بیروباوەر و ئەندیشە و حیزبایەتی و ڕێکخراو بوون ،داخوازە سەنفی و پیشیەکانی کرێکاران ،ژنان ، لاوان ، مامۆستایان ، هونەرمەندان و ڕووناکبیران ، ئەو کات بۆ کوردستان تازە بوون ، ئەمرۆ ٤٣ ساڵە لە مەیدانی خەباتی سیاسی و مەدەنی کوردستان وەک دەسکەوت چاویان لێدەکرێت و خەڵکی کوردستان بە مافە سەرەتایەکانی خۆیانی دەزانن و پێی ئاشنان.ئەمرۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس تا جیابوونەوە و پێک هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ ، مافی بەرحەق و ڕەوای خەڵکی کوردستان و باقی نەتەوەکانی دیکەیە و لە هەمانکاتدا ژیانی هاوبەش ، یەکسان لەگەڵ بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی یەکسانی شارەومەندی بۆ گەلانی ئێران بە مافێکی رەوا و بێ ئەملاوئەولای خۆیانی دەزانین. ئەمرۆ سوسیالیزم و باوەر بە ڕێبازی سوسیالیستی و خەبات بۆ ئامانجی سوسیالیستی تەنیا ئاواتێکی شیرین و دووردەست نییە ، بەڵکوو داخوازی هەنوکەیی و ڕێگا چارە و بەدیلی کرێکاران و هەژارانە لە بەرانبەر بەربەریەتی سەرمایەداری .واقعیەت ئەوەیە کە کۆمەڵە لە جێ خستنی ئەو داوخوازیانە و دەیان داخواز و سونەتی دیکەی پێشرەو و ئەو ئاسۆ و هیوایانە پێشەنگ بووە و پێشەنگ دەمێنێتەوە

کۆمەڵانی تێکۆشەری کوردستان!

ئەمرۆ زیاتر لە پێنج مانگ لە شۆڕشی ڕادیکال ، چپ و پێشکەوتووخوازانەی «ژن ، ژیان ، ئازادی» دەگوزەرێت. ئەم شۆڕشە ئەگەرچی خوێن و فیداکاری زۆری بۆ دەراوە ، بەڵام دەسکەوت و ئەزموونی بەنرخی زۆریشی بە دەست هێناوە . ئەم شۆرشە ، کۆماری ئیسلامی کە خۆی به زلهێز و دەسەڵاتداری ناوچەکە دەزانی و کەڵەوەکێشی لە گەڵ باقی زلهێزە جیهانیەکان دەکات، کەنەفت و لاواز کردووە. سومعەی فاشیزمی ئیسلامی لە ئاستی جیهان تێکشاندووە. ئەگەر لە ڕاپەرینی ١٣٥٧ کۆماری ئیسلامی حکومەتی ئاینی توندرەو و تۆقێنەری بۆ ئێران و ناوچەکە بە دیاری هێنا ، شۆڕشی ژن،ژیان، ئازادی ، مۆدێلی دەسەڵاتی دمۆکراتیک و ئینسانی نەک هەر بۆ ئێران ، بەڵکوو بۆ ناوچەکە و جیهان ، وەک دەسکەوتێکی بەنرخی ژنان و لاوان پێشکەش دەکات و پێشوازی لێدەکرێت.

سەبارەت بە هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگای ئێران و تەسیری گشتگیری شۆڕشی ژینا پیویستە ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگ بکەین .

_ دروشم، داخوازی و ڕێبەری مەزهەبی لەم شۆڕشە دا جێگەیەکی نییە و هەموو نیشانەکان دەرخەری ئەوەن کە بە پێچەوانەی سەدەکانی پێشوو، دین لە دەرەوەی ڕووداوەکانی ئەم دوایانە جێی دەگرێت و لە جیاتی دین، سێکۆلاریزم و ئازادیخوازی لە سەرەوەی داخوازییەکان و داهاتوویەکی ڕوون بە پێچەوانەی ساڵی ٥٧ی هەتاوی بۆ ئێران و تەواوی ناوچەکە لە ئاسۆدا دەبینرێت.

_ ناسیۆناڵیزمی ئێرانی هەر چەندە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی دینی و دروشمی «ئۆمەتی ئیسلامی» دا سووك کرا و ناچار بە پاشەکشە بوو، بەڵام لە دۆخێکدا کە دەسەڵاتی مەزهەبی بە بۆنبەست گەیشتووە، بۆ جارێکی دیکە دەرفەتی خۆنواندنی لە ژێر درووشمی «بەرگری لە تەمامیەتی ئەرزی» و خواستی «یەك وڵات، یەك نەتەوە و یەك زمان» بۆ ڕەخساوە و سەرقاڵی کۆکردنەوەی هێزە. ئەم ناسیۆنالیزمە ڕەوتێکی کۆنەپەرەستانە، سەرکوتگەر، تۆتالیتەر، ناوەندگەرا و شەڕخوازە و لە دوارۆژی بە دەسەڵات گەیشتنیدا دەبێتە ئامرازێك بۆ هەڵگرسانی شەڕی نێوخۆیی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان و پێکهاتەکانی ئێران دا.

_ سەڵتەنەت خوازی کە لە پەیوەندی لەگەڵ کوڕی شای پێشووی ئێران پێناسە دەکرێت، سیستەمێکی کۆنەپەرەست، تاك خواز، ماوە بەسەرچوو و دژبە ئیرادەی ئازادی ئینسانەکانە. ئەم سیستەمە بە ڕابردووی ئێران وە پێناسە دەکرێت و هیچ نزیکیەکی لەگەڵ دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» نییە. هەر لەو پەیوەندیەدا، بابەتی پێدانی «وەکالەت» بە کوڕی دیکتاتۆری پێشوو وەکوو «جێگرەوەی» بابی، دژایەتی لەگەڵ دیمۆکراسی و سووکایەتی بە عەقڵ و مافی هەڵبژادنی ئازادانەی مرۆڤەکانە.

_ بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی میللی، زمانی و مەزهەبی لە ئێران، هەر جۆرە سیستەمێکی ناوەندگەرا کە بیەوێت چاوپۆشی لە جیاوازییەکانی کۆمەڵگای ئێران بکات، ئاکامەکەی دیکتاتۆری سەڵتەنەتی و ئیسلامی دەبێت و بۆ خەڵك جگە لە سەرکوت و زیندان و ئێعدام دەسکەوتێکی دیکەی نابێت. هەر بۆیە، دەسەڵاتدارەتی سیاسی و کونترۆڵکردنی ئامرازەکانی حکوومەت لەلایەن خەڵك و مافی خاوەندارەتی لە چارەنووسیان ئەبێ بە فرمی بناسێندرێت. باشترین ئامراز بۆ حاکمیەتی ڕاستەوخۆی خەڵك لە بەرانبەر سیستەمی پارڵەمانی، چ پاشایی و چ کۆماری لە جیهانی پێشکەوتووی ئەمرۆ دا، دەسەڵاتی «شۆرایی»یە.

_ وڵاتی ئێران پێویستی بە یەکگرتوویی دڵخوازانەی نەتەوەکان لە ڕێگەی بەفەرمی ناسینی «مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە« و هەر سیستەمێکی دەسەڵاتداری دیکە، ئێران دەکاتە زیندانی نەتەوەکان، مەزهەبەکان، زمانەکان و ..... توندووتیژی ڕەمزی دەسەڵاتدارانی ڕووخاوی پاشایەتی و ئێستای ئیسلامی دژبە خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبە و ئەبێ ڕیسوا بکرێت. توندووتیژی ئامرازی سەرەکی زاڵمان دژبە چینی چەوساوەیە. خۆڕاگری ستەملێکراوان، ڕێکخستنی ناوخۆیی و بەرەنگاری شۆڕشگێڕانە بۆ بەرگری لە مافە سەرەتاییەکان دژبە توندووتیژی دەسەڵاتداران توندئاژۆیی نییە، بەڵکوو بەرگری ڕێگەپێدراو و مافخوازانە لە ژیانێکی مرۆڤانەیە.

_ ڕخنەگرتن و ناساندنی ناسیۆنالیزمی «نەتەوە بندەستەکان»، بە قەد خەبات دژبە شۆڤۆنیزمی دەسەڵاتداران، ئەمرێکی زەروور و ڕەوایە و ئەبێ لە جیاتی جەختکردنەوە لەسەر جیاوازییەکان، پێداگری لەسەر یەکگرتوویی دڵخوازانە و مافی شارۆمەندی تەواوی دانیشتووانی ئێران بکرێت.

_ پانتایی و قوڵایی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» و کاریگەرییەکان و ڕەهەندە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، بەشێك لە بەرپرسان و لایەنە جیاوازەکانی ڕژیمی لە نێو «ڕیفۆرم خوازانی حکوومەتی» و ڕێبەری «بزووتنەوەی سەوز» خستۆتە گڕ بۆ ئەوەی فێڵبازانە و دووڕوویانە لەو دروشمە کەڵك وەربگرن و خۆیان بە ئاخێزی جەماوەری خەڵکەوە ببەستنەوە و بە بەرزکردنەوەی دروشمی «ڕیفراندۆم» ڕێگە لە ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بگرن. دروشمی «ڕیفراندۆم» دروشمێکی کۆنەپەرەستانە و دژبە شۆڕشی ئەمرۆی گەلانی ئێرانە. ئەم کەسایەتی و ڕەوتانە ئێستا لە خەون و خەیاڵی سەردەمی «تەڵایی ئیمام» و وەزارەت و دەسەڵاتدارەتی خۆیانن. لە حاڵێکدا تەواوی قەیرانەکانی کۆمەڵگای ئێران هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیەوە، هەبوونی «ئیمام»، یاسای بنەڕەتی ئیسلامی، ڕێبەری و باڵادەستی لایەنە جیاوازەکانی ڕژیمە بە ڕەنگ و دروشمی جۆراوجۆرەوە. شۆڕشی ژینا بە وتنەوەی دروشمەکانی «ئیسلاح تەڵەب، ئوسولگەرا، چی تر تەواوە ماجەرا» و «مەرگ بۆ سیتەمگەر، چ شا بێت و چ ڕێبەر»، لە «ئیسلاح تەڵەب و ئوسولگەرا» و شاە پەرستان ،تێپەڕیوە و بە ئاراستەی سەرکەوتن و داهاتوویەکی ڕووندا هەنگاو دەنێت.

_ پرۆسەی سازکردنی ئاڵترناتیو لە سەر سەری شۆڕش و بە پشتیوانی ماڵی و میدیایی زلهێزە ئەمپریالیستەکان و بە بەشداری چەند «سلبریتی» و کەسایەتی دەسەڵات پەرەست و کوری شای پێشوو، تا ئێستا بە ئاکام نەگەیشتووە و دیاردەکان دەرخەری ئەوەن کە ئەو هەوڵانە بە ئاسانی بە ئاکام ناگات. هۆکارەکەشی ڕوونە، ژنان و لاوان و خەڵکی ستەم لێکراوی ئێران کە خاوەندارانی سەرەکی ئەو شۆڕشەن، ڕێگە نادەن کە لە هەستیارترین کاتی مێژوودا، چارەنووسیان لەلایەن کەسانێکەوە کە شایانی متمانە نین، دیاری بکرێت. ئەزموونی شۆڕشی شکست خواردووی ٥٧مان لەبەرچاوە و نایانەوێت شۆڕشی ئەمرۆش وەکوو ڕاپەڕینی ٤٣ ساڵ لەوەپێشی بەسەر بێت و دەسکەوتەکانیان لەلایەن کەسانێکی خەڵك خەڵەتێن ، هەلپەرەست و کورسی پەرەست بە تاڵان ببرێت.

_ شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» تا بە ئەمرۆ دەسکەوتگەلێکی گەورەی هەبووە و سەرکەوتنی بەرچاوی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ خۆی دەستەبەر کردووە. ئاراستەی هێزی بە قازانجی شۆڕش و بە زیانی دژەشۆڕشەکان گۆڕیوە. سەرکەوتن، پاشەکشە، هەوراز و نشێو، پشوودان و بەهێزکردن و لە کۆتاییدا دیاریکردنی چارەنووس لەگەڵ دوژمن، لە تایبەتمەندییەکانی هەر شۆڕشێکی جەماوەری و ئاڵوگۆڕێک هێنەرە. لە پرۆسەی پێشڕەوییەکانی شۆڕش و لە ئەزموون و هەڵەکان دا، ڕێبەری و بەڕێوە بەرایەتی شۆڕش درووست دەبێت. بەڵام لە شۆڕشی «ژن،ژیان، ئازادی» لایەنێکی لاوازی تا ئێستا نە هاتنە مەیدانی چینی کرێکار و ناوەندە بە هێزە سنعەتیەکان، پرژووبڵاوی ڕێکخراو و هێزە کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانی ڕاستەقینەی ئەو چینە و نەبوونی بەرنامەی دیاریکراوی هاوبەشی کۆمەڵایەتیە. چینی کرێکار و خەباتکارانی ئەو چینە، ئەزموونیان لە شۆڕشی ٥٧ وەرگرتووە و چاك دەزانن ئەگەر هێز، توانا و پۆتانسییەلی گۆڕانی شۆڕش بە ئاراستەی خزمەت کردن بە چینی چەوساوە نەبێت، چینی کرێکار دەبنە یەکەمین قوربانی ئەو شۆڕشە. ڕاپەڕینی بە ئاکام و دوارۆژ روون و بە ئامانج گەیشتن، هەبوونی هوشیاری، ڕێکخستن و دامەزراوەی سەربەخۆ، ئەو دەرسە گرینگانەیە کە ئەبێ لە شۆڕشی ٥٧ی وەربگرین تاکوو ڕێگە بە دووبارەبوونەوەی ئەزموونێکی تاڵ نەدەین. لەگەڵ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا ئێران و ناوچەکە، بەڵکوو سەرانسەری جیهان هەست بە ئەمنیەت و ئارامی دەکات.

_ پەرەپێدان و بە هێزکردنی پەیوەندی ڕۆژانە و بەردەوامی شۆڕشی کوردستان لە گەڵ شۆڕشی سەرتاسەری ، لەگەڵ لایەنە چەپ ، پێشکەوتووخواز و ئینساندۆستەکانی نێو بزووتنەوەی سەرتاسەری لە ئێران و پێک هێنانی هاوخەباتی پتەو و پایدار لە گەڵیان هەم لە روانگای ڕووخاندنی یەکجاری کۆماری ئیسلامی، هەم لە ڕوانگەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان ، هەم لە ڕوانگەی وەدیهاتنی دروشمی «ژن،ژیان،ئازادی» لە نانی شەو بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان پێویست ترن و دەبێ بەهێز و پتەوی کەین .

لاینگەران ، دڵسۆزان و خەباتکارانی کۆمەڵە و شۆڕشی «ژینا» ئەرکە هەنووکەیەکانی کۆمەڵە لە سەردەمی شۆڕشی ژینا بریتی دەبن لە :

١_ بەشداری چالاکانە لە سازماندان و ڕێکخستنی جەماوەری خەڵک لە دڵی شۆڕشی «ژن ، ژیان، ئازادی» بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێرانەی کۆماری ئیسلامی و بە دیهاتنی ئەو درووشمانە لە ئاستی کوردستان و سەراسەی ئێران و دەرەوەی وڵات.

٢_ هاوکاری بەکردەوە بۆ بە هێزکردن و ڕێکخستنی بەرەی چەپ و سوسیالیست لە کوردستان ، لە ناوخۆی وڵات، دەرەوی وڵات ، لەگەڵ لایەن و کەسایەتیە چەپ، رادیکال و شۆڕشگێرەکان.

٣_ هاوکاری چڕتر لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی جێکەوتوو لە کوردستان لە سەر داوخوازی و پرنسیپی هاوبەش، سەرەرای بەرنامە، سیاست و ستراتێژی جیاواز ، بۆ بە هێزکردنی ریزی خەباتی جەماوەری لە ناوخۆ و دەرەوی وڵات دژ بە کۆماری ئیسلامی و رووخاندنی شۆڕشگێرانەی ئەو ڕژیمە.

٤_ هەوڵدانی هەرچی زیاتر بۆ ناساندن و جێ خستنی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی جەماوەری لە کوردستان ، وەک یاسای گشتی و ئاڵترناتیو لە بەرانبەر یاسای کۆنەپەرەستانەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێستا و لایەنە لیبرال و بۆرژوایەکان بۆ دوارۆژی کوردستان.

٥_ پیداکردنی پشتیوانی نێوخۆی ، ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و شۆرشی « ژن، ژیان ، ئازادی « وەک بزوتنەوەیەکی سکۆلار و پێشکەوتووخوازی سەراسەی لە ئێران و ناوچەکە.

٦_ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە پیشییە جەماوەریەکان لە کوردستان بە بێ جیاوازی لە فکر ، ئەندیشە ، ئاین ، نەتەوە ، بیری حیزبی جیاواز ، لە سەر بنەمای هەڵبژاردن و ئالوگۆری دیمۆکراتیک بە دەنگی بەشداربوون لە دڵی شۆڕشی ژینا دا.

٧_ کاری پڕاوپڕ و لێبراوانە بۆ بەهێزکردنی ڕێکخراوی حیزبی لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران ، ژنان، زەحمەتکێشان ، زانکۆکان ، گەرەکە فەقیرنشینەکان ، دیهاتەکان ، لاوان و هەموو ئازادیخوازانی کوردستان.

٨_ پشتیوانی لە فەرهەنگی و سونەتی سکۆلار، موتەرەقی و سوسیالیستی لە کوردستان کە لە ٤٣ساڵی رابردوو کۆمەڵە رەواجدەر ، داهێنەر و پاڵپشتی بووە. هەر ڕووناکبیرێکی شۆڕشگیر، هەر نووسەرێکی ئازادیخواز، هەر هونەرمەند و گۆرانیبێژێکی خەڵکی ، هەر موسیقاژەنێکی پێشکەوتوو، کە هونەرەکەیان لە خزمەت بە پێشخستنی کۆمەڵگا و دژ بە کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویی بێت، پێویستە کۆمەڵە بە پشتیوانی خۆی و خۆی کە ریز یا لە کەنار کۆمەڵەدا بەبینێتەوە.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!

کۆمەڵە هەر ئەو هێزە کۆمۆنیست و شۆڕشگێرەی جارانە کە لە خاڵە وەرچەرخانە مێژوویەکاندا تاقی کراوەتەوە . هەڵوێستەکانی لە قۆناغی هەستیاردا متمانەی جەماوەری بە دەست هێناوە. نمونەکانی کەم نیین و لە بیرمان نەچونەتەوە.لە داهاتووشدا دیسانیش دەکەویەتە وەها قۆناغ گەلێکەوە. بەو پێشینەو بە عەقل و تەجروبە و زانستێك کە بەدەستی هێناوە، دڵنیام کە دەتوانیَ سەربەرز و سەرکەوتوو لە ئەزموونی تاقیکردنەوە سەربەرزانە بێتە دەرێ. ئەگەر باس لە خالە گرینگە مێژوویەکان دەکەین بۆ ئەوە نییە سەرینی ئارخایەنی لە بەن سەر بنێین. بەڵکوو بۆ ئەوەیە بیانکەین بە توێشووی ڕێگای بەرەو پێش چوونمان .لە هەمانکاتیشدا لە هەڵەکان ئەزموون وەرگرین و دووپاتیان نەکەینەوە. موتمانە بە کۆمەڵە بکەن . پاڵپشتی بن . دڵنیا بن لە داهاتوویش دا هەروا دەبێت و دەمێنێتەوە.

بژی کومەلە


بژی سوسیالیسم

سەرکەوتوبێت شۆڕشی ژن ، ژیان ، ئازادی

٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی

***

# مەرگی ژینا بۆتە هەوێنی شۆڕش



ن: سەعید ئەمانی

لە زۆر شوێنی دنیا گەلێکڕووداوی دڵتەزێن بوونەتە هۆکاریڕاپەڕین و شۆڕش و ڕووخاندنی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و ملهوڕەکان، لەوانە و وەک نموونە سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، کە بەهۆی ئاگر لەخۆبەردانی لاوی بێکار «محەممەد بوعەزیز» لە وڵاتی تونێسەوە سەریهەڵدا و تەختی دەسەڵاتی چەندین دیکتاتۆر و زاڵم و زۆرداری وەک دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە تونێس، میسر، لیبی و یەمەنی، ژێر و ژوور کرد. مەهسا ئەمینی( ژینا)، لە سەفەرێکی گەشتیاریدا لەگەڵ بنەماڵەکەی لە شاری سەقزی کوردستانەوە چوون بۆتارانی پێتەختی وڵات بۆ ئەوەی کەمێک بای باڵی بدات و وەک هەموو هاوتەمەنەکانی بەرلە دەستپێکردنەوەی دەرس و زانکۆ و خوێندن، پشوویەکی دابێت و بە دڵگەرمی پاشچەند ڕۆژی تر بگەڕێتەوە و درێژە بە خوێندن و ئیشە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بدات. بەڵام لە تارانی پێتەختی وڵاتەکەی بەرەوڕووی تاریک ئەندێشە مەئمور کراوەکانی گەشتی ئیرشاد دەبێتەوە و کاتێک دەبینن چاویان بەوە هەڵنایەت کچێکی مۆدێرنی شارستانی و جوان و بەژن زراڤ بوێرانە، کەمێک سەرپۆشەکەی ئەمرۆییانە بەسەردا داوە و وەک مرۆڤێکی شایی و متمانە بەخۆ، سەربەرز و گەردەن فەرازڕێدەکات، بیانووی پێدەگرن و دەیبەن بۆ بەشی ئیرشادی ئیدارە و لە ماوەی دەستبەسەر کرانیدا بەڕادەیەک ئەزیەت و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی ئەدرێت کە زۆری پێناچێت گیان لەدەست ئەدات.

ن: سەعید ئەمانی

باش بزانن!
لە وڵاتی من
ئەگەر قەقنەسی ژینایەک
دەسوتێنن
ژین کوژان و
مەرگ دۆستان
لە سووتووەکەی
بە ملیۆنان مەهسای دیکەم
باڵ دەگرن و
دێنە ئاسمانی تێکۆشان.

هەواڵی گیانبەخت کردنی ناجوامێرانە و مەزڵوومانەی ژینا بە دەستی گەشتی ئیرشادیرژیمی کۆماری ئیسلامی، وەک بۆمب ئەتەقیتەوە و لە مەودایەکی کورتدا تەواوی کوردستان و ئێران و تەنانەت سەرتاسەری دنیاش دەتەنێتەوە. مەڕرسمی ئەسپەردە کردنی پەیکەری مەهسا ئەمینی، بوو بە شانۆی دەربڕینی قین و نەفرەت و بێزاری لە دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرست و دژە ژنی کۆماری ئیسلامی و هەر لەوێدا چەخماخەیڕاپەڕین و ئاخێزێکی سەراسەریی لێدارا و لە مەودایەکی کورتدا چەند مانگرتنی گشتی سەرکەوتوانە و خۆپیشاندانی گەورەی سەرتاسەریی لە ئاستی کوردستان و ئێرانو تەنانەت بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دنیای بە دوادا هات. بە کورتی ئەوڕووداوە، کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانی بردۆتە قۆناغێکی نوێوە و ئامادەتری کردووە بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی تر لە گشت بوارە جۆراو جۆرەکاندا و لە وانە لە بواری هونەر و ئەدەبیاتدا. بواری ژێر و ژوور کردنی دەسەڵاتی ستەمگەرانی کۆنەپەرستیشی خۆش کردووە. خوێنی مەهسا بوو بە هەوێنی گیرسانی گەلێک خۆپیشاندان و ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوەی ئاڵوگۆڕ خوازانە، کەڕێبەریی و سەرکردایەتییەکەی لە لایەن ژنان و لاوان و بەتایبەت کچانێکەوە ئاڕاستە دەکرێ کە سرودی «ژن، ژیان، ئازادی»یان لەسەر زار و یان سەرپۆشەکانیان لەسەر داگرتەوە و ئاگریان داون و یان بەسەر دەستەوەڕایاندەوەشێنن و کردویانەتە ئاڵا و پەرچەمی بزوتنەوە و خەباتێکی گەرم و گوڕ و سەرتاسەریی ئەم قۆناغە. لە ئاکامی ئەمڕاپەڕین و ناڕەزایەتی دەربڕینانەدا گەلێک لە کچان و کوڕان و منداڵ و تازەلاوان چوونەڕیزی گیانبەختکردوانی ئەم ئاخێزە جەماوەری و شکۆدارەوە و هەرکامەو بەشبەحاڵی خۆی بووە بەڕەمز و هێمایەک. کاریگەری ئەم ئاخێزە مەزنەی دوای مەرگی ژینا ئەمینی و بۆ مەحکوومکردنی کوژرانی مەزڵومانەی لەسەر سلیبریتی و کەسایەتییە ناودارەکان بە گشت لایەنەکان و هەموو چین توێژەکانی کۆمەڵگاوە، بە شێوازێک بووە کە مرۆڤ کاتێک سەیری پەیجەکانیان دەکات لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هەست بە قووڵایی و گەورەیی ئەو تەکان و شەکان و بومەلەرزیەی کە کۆمەڵگای کوردستان و ئێران و تەنانەت دنیاشی هەژاندووە، دەکەی. شاعیران، هونەرمەندان، نووسەران، گۆرانی بێژان و کەسایەتییە خاوەن هەڵوێستەکان، هەرکەسە و بە شێوازی خۆی هەوڵیداوە بۆ دژایەتی کردنی جەنایەتەکانیرژیمی کۆماری ئیسلامی، کاردانەوەیەکی هەبێت. ناڕەزایەتی دەربڕین لەلایەن ئەو کەسانەوە لەم چەند دەیەی دواییدا بێ وێنە بووە و لە زۆربەی بوارەکاندا ئاڵوگۆڕی بەرچاوی دروست کردووە. لەوانە بەڕوونی هەست دەکرێت لە بواری هونەری و ئەدەبیەوە ئێستا ئێمە چووینەتە قۆناغێکی هاوچەرخی تایبەتی و شاهیدی سەرهەڵدانی شێوازێک لە هونەر و ئەدەبیاتین کە مۆرکی ئەم قۆناغەی پێوە دیارە. بەرهەم ناتوانێ بە ئیرادە یان بە داخوازی کەسێك بە شێوەیەکی کامل و سروشتی شکڵ بگرێت. ئەو لە قوڵایی هەستی شاعیر و هەنەرمەندەوە لە ساتەکانی هەڵچوون وگرژی و کردەوەیدا سەرچاوە دەگرێت و هەڵدەقوڵێ، دەبێ بابەتێکی تایبەت کە ناخی سمیوە هەژاندبێتی، وەک ئەو بەرهەمانەی کەڕووداوەکانی ئەم دواییە هەوێن و هاندەریان بووە. شێعریان هەر بەرهەمێکی تری ئەدەبی و هونەریی بەشێك لە ئەندێشە و عاتیفەی مرۆڤە کە بە شێوەی سەرشار و لە قاڵبێکی گونجاودا، کە بتوانێڕاگەیەنەر و شاهید و دەرخەری رووداو و ئەزموونەکان بێت، دەردەکەوێ. شاعیری خاوەن هەڵوێست و بەتوانا کاک فەرەیدون ئەرشەدی دەنووسێ:

خوێنەکەت نامرێ!
خوێنەکەت
تکایە سەر گمەی کۆتران،
بوو بە گڕ
ڕژایە نێو دڵی
خەباتی خیابان .
خوێنەکەت نامرێ،

دەبێتە مشتێکی گرمۆڵە،
دەبێتە هەوێنێک
بۆ قینی پیرۆز،
بۆ ئیرادەی تۆڵە .
****

لە شێعرێکی دیکەدا دەڵێ:

چ ناوێک شیاوی جوانیتە !؟

لە
ژینا
زیاتر،
چ ناوێک شیاوی جوانیتە !؟
شەقامیک نەماوە
بێ هاواری ناوت نەخرۆشێ .
درووشمێک نانووسرێ
کۆتری خوێنی تۆ لەڕەنگیا
نەگمێنێ .
لە کۆچت بەملاوە،
ئاسۆ
ئاوێتەی خەونێکی ئەرخەوانییە !

بەم پێیە بۆ شاعیرێکی ڕئالیست پەیوەندی شێعر و ئەدەبیات لەگەڵ ژیاندا پەیوەندییەکیڕاستەوخۆ و دەروونییە. شاعیر و هونەرمەند کەسێکە کە شێعر و بەرهەمەکەی تیکەڵ بە ژیانی کردووە و لەگەڵیدا ژیاوە و هەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. شێعر و بەرهەمی هونەریی بە واتای جوانی ناسی، لە پەنا و پەسیودا ژیان بەسەر نابات بەڵکوو لە هەلومەرج و شوێنی کۆمەڵایەتی وەک ئێستا و بە تایبەتی تەئسیراتی تاکە کەسییەوە سەرهەڵدەدا. بەم واتایە، بە تایبەتی شێعر نوسینێکی لەڕووی ئارەزووەوە نییە. شێعر دابینکەری پێداویستییەکی گرینگی دەروونییە کە شاعیر و خوێنەر لەدەوری ئەزموونێك و تیشکێکی تایبەت کۆ دەکاتەوە. هونەر و ئەدەبیات وەکیەکێك لە قەوارەکانی وشیاریی کۆمەڵایەتی و بەشێك لەڕوبەنایەکی سیاسی کە زادەی وجودێکی کۆمەڵایەتییە دەور و نەخشێکی کارامە و کارای لەڕەوتی گەشەی کۆمەڵ و ئاڵوگۆڕکانیدا هەیە. هونەر و ئەدەبیاتی دواکەوتوانە لەڕێگای چەواشە کردنی جەماوەرەوەیارمەتیدەری تۆکمە و توندوتۆڵ کردنەوەی نەزمی کۆن و پەرەپێدان و بوژاندنەوەی پەیوەندی و مناسباتی کۆمەڵایەتی بەسەرچوو و دواکەوتووانەیە. لە حاڵێکدا کە هونەر و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە بۆ جەماوەری وشیار و شۆڕشگێڕی و وەخەبەر هاوتووی خەڵك،ڕۆڵی چەکێکی بەهێز دەگێڕێ کە بەرلەوەی بواری هاتنە ئارای ئاڵوگۆڕ و شۆڕشڕەخسابێت، لەڕوانگەی بیر و بۆچوونەوە شۆڕش دەکاتە زەرورەتێکی حەیاتی و بەستێنیبۆ خۆش دەکات، و لە جەریانی شۆڕشدا خۆی دەبێتە بەشێکی پێویست و گرینگی بەرەی گشتی و هەمە لایەنەی. لە دەروونی هەموو کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا، بەردەوام کێشە و ململانێ لە ئارادایە. دیارە هۆکاری ئەم کێشمەکێش و تێکهەڵچوونانەش بریتین لەوەی کەمینە خاوەن دەسەڵات و پلە و پایەکان بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوندییەکانیان دەیانەوێ هەلومەرجەکە پارێزراو بێ و هەر چەشنەئاڵوگۆڕێك، لەڕاستای دژ بە بەرژەوندییەکانیان دەبینن. لە بەرانبەریشدا زۆرینەی بێ بەش و زۆرلێکراو بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕێك بەسەر ژیان و بەرێچوونیدا بێت، حەزی لە ئاڵوگۆڕە و بە پیریەوە دەچێت. بۆیە لەخۆڕا نییە لەم مەوە کورتەدا ئێمە شاهیدی ئەم قەبارەیە لە بەرهەمهاتنیشێعر و سرودی شۆڕشگێڕانە و ئاڵوگۆڕ خوازانەین، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا و سەردەمەکە خوازیاریەتی و وەریدەگرێت. نووسەران و هونەرمەندانیرئالیست و واقعگەرا خۆیان لە ڕێکەوت و تەسادوف بەدوور دەگرن و وەسفکردنی شتەکانی دەوروبەری خۆیان لەسەر ئەو بناغەیە بنیات دەنێن کە هەر دیاردەیەکی سروشتی و مێژوویی شوێنی خۆی لەنێو زەنجیرەیەکی بێ ئەژماری مەرج و هۆدا دەبینێتەوە. ڕئالیزم نواندنی ژیانە، بەو جۆرەی کە هەیە، بەڵامڕئالیزمیش دیاردەڕواڵەتییەکان و دیاردە لەڕووەکان لە جێگایراستەقینەیان دادەنێ. ئینگڵس دەڵێ: سەرکەوتنیڕئالیزم سەرکەوتنیڕاستییە بەسەر خەون و خەیاڵدا. هەر هونەر و ئەدەبیاتێك ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی. ساڵەکانی ئاخر و ئۆخری سەدەی هەژدە، پێویستییەکی مێژوویی بوو بۆ وەلانانی سوننەتەکانی ڕێبازی کلاسیك، کە نۆینەری ئەشرافییەت و نیزامی ئاغا و دەرەبەگایەتی بوو. بۆیە ئەدەبیاتی ئەم قۆناغەش لە وڵاتی ئێمە دەکرێ ببێتە خاوەنی ئەو تایبەتمەندیە. بە واتایەکی تر لە قۆناغی شۆڕشی گەلانی ئێرانداڕەوتی هونەر و ئەدەبیاتی ئازادیخوازانە، پێشڕەو و کرێکاریی لەسەرەتای ساڵی ٥٧ وە بە شێوەیەکی هەستپێکراو سەری هەڵدا و سەرەتاکانی بەڕوونی دەرکەوت. بەڵام زۆر زوو کۆماری ئیسلامی بەری پێدەگرێ و سەرکوتی دەکات. ڕووداوێک کە کەم و زۆر تا ئێستاش بەردەوام بووە. لەدوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ وە کە فەزاکە هاوشێوەی ئێستا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو لەپاڵ هەر میتینگ و کۆبوونەوەیەکدا، هەوڵێکی بەرین بۆ پێشکەشکردنی هونەر و ئەدەبیاتێکی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازانە و پێشکەوتنخوازانە و ڕوو لە زەحمەتکیشان دەدرا. ئەم هەوڵانە دوو ڕێبازی تێدا دەبیندرا کەیەکێکیان بەڕوونی دیار بوو ئەدەبیاتێکی بە تەواویی کلاسێکیی کۆن وناسیونالیستی بوو، کە برەوی باش و بەرچاویشی بوو. لەناو ئەو بزووتنەوە بەرینە جەماوەریەدا و ئەوی دیکەیان ئەدەبیاتێکی تازەتر و بە تەواوی جیاواز لەگەڵ ئەوی دیکەدا بوو، وە دەیەویست پەرەپێدەری شیوەیەکی تر لە ئەدەبیات بێت. ئەم دوو ڕەوتە هەر لە پاییزی ساڵی ٥٧ وە دەبیندران، ئەگەر شێعرێکی سەر بەڕەوتی پیشوو بخوێندرایەتەوە حەتمەن لەپاڵیدا شێعرێکی ڕێکاریی و زەحمەتکیشی دەخوێندراوە. شێعرەکانی قانع، ئەوانەی وا لە پەیوەندلەگەڵ هەلومەرجی ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا بوون، کرانە سروود و لەماوەی چەند مانگدا بەڕادەی ٤٠- ٥٠ ساڵیرابردووی خوێندرانەوە و کەوتنە سەر زاران. لەم قۆناغەشدا دەبێ هەوڵ بدرێت شاعیران و هونەرمەندان، پەرە پێدەری هونەر و ئەدەبیاتێک بن کە وڵامدەرەوەی ویست و داخوازییەکانی خەڵکیڕاپەڕیو و بزوتنەوەیەک بێت کە سەرتاسەری وڵاتی داگرتووە و تینوێتی خوازیارانی بیستنی شێعر و سرود و بابەتی پەیوەست بە داخوازی و ئامانج و ئارمانی بزوتنەوەکە بشکێنێ. ئەو سەردەمێش وەک ئەم قۆناغە، بەهۆی لە ئارادا بوونی بزووتنەوەیەکی زیندوو و بەهێزی جەماوەریی و درێژەی ئەم بزووتنەوەیە و حزووریڕەوتێکی چەپ و کۆمۆنیستی بەهێز لە کوردستاندا، ئەم گەرایشە گەشەی سەند و هەڵیدا و هەرچی دەهات پتر خۆی لەڕەوتەکانی تری پێش خۆی دوور دەخستەوە و توانی وەڵامی بەشێك لە نیازەکانی ئەو بزووتنەوەیە بداتەوە. واتە خودی بزووتنەوەکەش کاردانەوەی لەسەری بوو. وەرگێڕانی سروودی ئەنترناسیونال لە نیاز و کاردانەوەی بزووتنەوەکەوە سەریهەڵدا و سروودییەکی ئەیاریش هەربەم شێوەیە. وە بەرەبەرە بەمجۆرە لە مەودای ١٠- ١٥ ساڵی دوای شۆڕشی ٥٧ وە ئەدەبیاتێك بە ناوەرۆکی کرێکاریی و زەحمەتکێشییەوە و بە ئیدیعای کرێکاریی و زەحمەتکێشی بوونەوە شکڵی گرت. دەبینین لەم سەردەمەشدا سرودەکەی شەروین حاجی پور دەبێتە وێردی سەرزاران و بە واتایەک سرودێکی دیکەی ئەنترناسیونال. ئێستا و لەم قۆناغەدا سەرنج بدەین دەبینین ئەم ئاخێزە گشتی، سەتاسەری و لێبراوانەیە، بەڕادەیەک گاریگەری لەسەر چێن و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا دانەوە کە ئیزنمان پێئەدات بڵێین بەرە بەرە خەریکە، دوای ماوەیەک وێستان و هێور بوونەوەی بەرهەمهاتنی هونەر و ئەدەبیات بە ناوەرۆکی بەرگری،ڕاپەڕینخوازانە و شۆڕشگێڕانەوە، شاهیدی زیندو بوونەوە و گەشەکردنی جۆرێک لە هونەر و ئەدەبیاتین کە تێم و ناوەرۆکەکەی، لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندی سەردەمەکەی خۆی پێوەیە، بەتەواوەتی ئازادی و یەکسانیخوزانە و شۆڕشگێڕانەیە. کەمتر وێنەکێش، شاعیر، نووسەر، هونەرمەند و یان گورانی بێژێکی خاوەن هەڵوێست شک دەبەی هەوڵی نەدابێ بەرهەمێکی نوێ و شۆڕشگێرانە بەرهەمبهێنێ. ئەمە زۆر جێگای خۆشحاڵی و هیوا بەخشە. با بە هەوڵی هەمولایەکمان گەشەی زیاتری پێبدەین

***

پێشڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئێدیتۆر:
ئیبراهیم عەلیزادە

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Add: Sulimania_Zrguez

Tel:
009647701567854
009647710259353

E-mail:
Peshraw@komalah.org

Web:
http://www.komalah.org/

دەبیرخانەی
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX 70445
10725
Stockholm_Sweden
Tel/Fax: 4608868054
E-mail:
cpi@cpiran.org
Web: www.cpiran.org

نوێنەرایەتی کۆمەڵە
لە کوردستانی عێراق

Add: Sulimania-Rzgary
Tel: 3300657 - 3300561

نوێنەرایەتی کۆمەڵە
لە دەرەوەی وڵات

Tel/Fax: +46-18-46 84 93
E-mail:
komala@cpiran.org

تەلەفزیۆنی فەزایی
کۆمەڵە

Yahsat 1A
Freq: 12072 Mhz
Position: 52.5° Est
Pol: Vertical
Sym: 27500
Fec: 7/8

Web:
http://www.tvkomala.com/

ڕادیۆکان:

بەرنامەی ڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی یاه ست بەدوای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٥-نیوەی یەکەمی خاکەلێوە ١٤٠٢-مارس ٢٠٢٣

پێشڕەو

# پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

**ئەم پەیامە ڕۆژی ٨ی مارس لە تلویزیون و میدیاکانی تەسویری کۆمەڵە لە لایەن هاوڕێ سروە ناسری ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە پێشکەش کرا.**




ئازیـزان، سـڵاوێکی گـەرمتـان پێشـکەش

٨ی مـارس ڕۆژی جیهانـی ژن لـە ئێـوە و لـە هەمـوو مرۆڤێکـی ئازادیخـواز و بەرابـەری تەڵەبپیـرۆز بێت. ئەمسـاڵ لـە بارودۆخێکـدا ڕێوڕەسـەمەکانی ڕۆژی جیهانـی ژن بەڕێـوە دەبەیـن کـە لەئێـران شۆڕشـی (ژن، ژیـان، ئـازادی) لـە ئارادایـە. شۆڕشـێك کـە چەخماخەکـەی لە کوردستانی خۆڕاگروە لێدرا و بـە خێرایـی هەمووئێرانـی داگـرت و دەنگدانەوەکـەی سنورەکانیشـی تێپەرکـرد. لەمـڕۆژەدا نزیـک بـە ٦ مانـگ بەسـەر شۆڕشـی "ژینـا"دا تێدەپەڕێت،شۆڕشـێک بـە کاریگەرییەکـی قووڵـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و خەباتکارانە لە نێوخۆی ئێران ولـە ئاسـتیجیهاندا.پەیامی ئـەم شۆڕشـە نـە تەنیـا بـە کۆمەڵـگای ئێـران، بەڵکـوو بـە هەمـوو جیهـان گەیشـتۆە و سـەرنجیڕای گشـتی مرۆ ڤا یە تییە کسـا نیخوا زی بـەرەولای خۆیڕا کێشـاوە و کۆمـاری ئیسـلامی وەکرڕژیمێکیـدژەژن، داوەتەبـەر زەبـری نفـرەت و بێـزاری لـە سـەرتاسـەری جیهان.ئەم شۆڕشـە ژنـی ئـەو وڵاتـەی گەیانـدە بانتریـن ئاسـتی سیاسـەت و جێگـە و پێگـەی کۆمەڵایەتـی و نیشـانیدا کـە ژن نەتەنیازەعیفـە و ڕەگـەزی دووهەمنییـە، بەڵکـوو بەتوانـا وبوێـر و فیـداکارە وزیاترینشایسـتەیی هەیـە بـۆ بەڕێوەبردنـی دنیایەکـی دوور لـە شـەڕو کوشـتار و پـڕ لـە ئاشتی،مرۆڤدۆسـتی و خۆ شە ویسـتی. ئـەم شۆڕشـە تەنانـەت سیاسـەت داڕێـژەران و سیاسـەتوانانی دەسـتیڕاسـتی کۆمەڵـگای لەئاسـتی دنیـادا ناچـار کـرد کـە یان پشتیوانییەکیرواڵەتی و دەغەڵکارانـەی لێبکـەن و یانلـە ئاسـتیدا بێدەنـگ بن.هێـزی بزوێنـەر و پاڵنـەری ئـەو شۆڕشـەی ئێسـتا، بریتیـن لـەو ژن و لاوە پڕشـوور و بوێرانـەی کـە بـە هیچشـتێک بێجگـە لەڕوخانی فاشیزمی مەزهەبی زاڵ بەسـەر ئێراندا،ڕازی نابـن. لە شۆڕشی "ژینا"دا گەلێک جەسـتە فیداکارانـە پـەڕ پـەڕ بـوون، بـەڵام بەچۆکـدا نەهاتن.هـەر بۆیـە ئـەم شۆڕشـە کاریگەریـی قووڵـی لەسـەر هەمـوو بێبەشـان و چەوسـاوە وسـتەملێکراوانی کۆمەڵـگای ئێـران دانا.هـەر بۆیـە نەفرەتـی قووڵـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە کچانـی شۆڕشـگێڕ وایکـرد کـە بکەوێتەتوڵـە کردنـەوە و تەمبـێ کردنیـان. بەپێیدواییـن هەواڵـەکان کەمتـر شـارێکی ئێـران هەیـە کـە تێیـدا مەدرەسـەکانیکچان نەکەوتبێتنـە بـەر هێرشـی تیرۆریسـتیو جینایەتکارانـەی ژاراویکردن.هەرئێسـتا بـە هـەزاران منـداڵ و کچیتـازەلاو لـە نەخۆشـخانەکان و یـان لەماڵەکانیاندالەژێـر چاوەدیـری پزیشـکیدان. گومـان لەوەدانیـە کـە ڕێکخسـتنی جینایەتێکـی لـەم چەشـنە تەنیالـە توانایـی سـپا و بەسـیج و دام و دەزگا ئەمنییەتییەکانـی ڕژیمدایـە. ئەمەیـە کاردانـەوەی ڕژیـم بەرانبـەر بـە شۆڕشـی ڕزگاریبەخشـی ژینا.ئـەم شۆڕشـە توێژەکانی بۆرژوازی ئێرانیشـی، چ لـە حکومەتـی پێشوو و چ لە دەسەڵاتی ئێستا وچ لـە پەڕاوێـزی ئەواندالـە نێوخـۆ و دەرەوەی وڵات، بـە ئاشـکرا خسـتە دژایەتـی و یانپشـتیوانییەکی شـەرمنانە. ئەمڕۆکە لەو شاپەرەستەکانەوە بگـرە کـە بـە شۆڕشـی ١٣٥٧ لـە دەسـەڵات کەوتن، تابـەرەی "ئیسلاح خوازانـی حکومەتـی"، هەموویـان لـە هاوپەیمانییەکـی ڕانەگەیاندراوداکەوتوونەتـە خۆ تـا کەشـتیڕوو لـە نوقمبوونـی کۆمـاری ئیسـلامی بـە پشتیوا نیئیمپڕ یا لیسـتە کا ن بگەیەننەکەنارێکـی ئەمـن و خۆیـان بـە بـێ ئـەوەی ناوەرۆکیسـتەمکارانە و چەوسـێنەرانەی ئـەو ڕێژیمـە بگـۆڕن، جێگـەی بگرنەوە بەڵام لـە بـەرەی شۆڕشـدا و لەسـەر شەقام و لـە گۆڕەپانـی کردەوە و ڕوبەڕووبوونەوەیڕۆژانـەدا، نـە بۆنێـک لـە سـازش و نـە دەنگێکـی تەسـلیم بـوون لـە بەرانبـەر قاتـڵان و بکوژانـی٤٣ سـاڵیڕابردوی خەڵکـی ئێـران و دەسـەڵاتدارانی کۆنەپەرەستیئێسـتا، نابیسـرێت. ٨ی مارسـی ئەمساڵڕۆژێکە کـە دوای ٤٤ سـاڵجارێکی تـر بزوتنەوەییەکسـانیخوازانەی ژنان و پیاوانـی ئازادیخـواز بە ٨ی مارسـی ساڵی ١٣٥٧ی د وا یڕ و خا نیئیسـتبدا د ی سـەڵتەنەتی، بـە ئامـادە بوونـی بەریـن و ملیۆنـی ژنـان لەسـەر شـەقامەکانی ئێـران لەتـاران دەبەسـتێتەوە. ئـەوکات و ڕێـک لەمـڕۆژەدا بـوو کـە ژنانییەکسـانیخواز مەترسـیرژیمی تازەبـە دەسـەڵات گەیشـتویان هەسـت پێدەکـرد وبزوتنەوەکەیـان گەیشـتە لوتکە. «خومەینی» وەک دامەزرێنـەر و ڕێبـەری سیاسـی-مەزهەبیی نیزامـی تـازە بـە دەسەڵاتگەیشـتووی ئیسـلامی، ترسـی خـۆی لـە بزوتنـەوەی ژنـان نـە شـاردەوە وبـە پشـت بەسـتن بەیاسـا و ڕێسـای دینـی دەسـتووری سـەرکوتکردنی ژنـان و شـاردنەوەیانی لەژێـر حیجـاب و پۆششـی ئیسـلامیدا، کـە ئامـرازی سـەرکوت وسـوکایەتی و بـێ مافـی ژنـە، دەرکرد.ئێرانـی ژێـر حاکمییەتـی کۆمـاری ئیسـلامی وەک نموونـەی بەرچـاوی حکومەتـی دینـی و پشـتیوانینیزامی چینایەتـی سـەرمایەداریی، لـە هەمـان سـەرەتای بـە دەسـەڵات گەیشـتنیرژیمی ئیسـلامییەوە،یەکێکلە پایـە سـەرەکییەکانی مانـەوەی خۆی لەسەر زەوتکردنی مافە ئینسـانی و سـەرەتاییەکانیژنان دامەزرانـد.

ئەمرژیمـە وەک نوێنـەری بەربەریەتـی نیزامـی سـەرمایەداریی دوو باسـکی مەزهـەب وپیاوسـالاریی بـە هەمـوو هێـزەوە لـەدژی ژنـان بەکارهێناوبـێ بەزەییانەتریـن شـێوازی توندوتیـژی و سـوکایەتی لـە دژی ژنـان لەڕژیمـی ئیسـلامیدا بوونبەیاسا.هاوسـەرگیری لـە تەمەنـی منداڵیدا، پـەرەدان بە لەشفرۆسـی لەژێر ناوی سیغە، لێخۆشبوونییاسـایی سـەبارەتبە کوشـتنی ژنـان بـە بیانـووی نامووسـی، بێبەشـکردنی ژنـان لـە مافـی سەرپەرشـتیکردنی منداڵ،زەوتکرانـی مافـی دادوەری و قـەزاوەت لـە ژنـان، زەوتکرانی مافی سەفەرکردن بەبێئیزنـی پیـاوان و بەیاسـایی بوونـی مافـی دوو ژن لەبەرانبەریـەک پیـاودا، تەنیـا بەشـێکن لەیاسـاکانی دەژ بـە ژن لەڕژیمـی ئیسـلامیدا. بـەڵام بـە بەرینایـی ئاسـتی وەحشـیگەری و سـەرکوتی کۆمـاری ئیسـلامی دژبـە ژنـان، خۆڕاگریو نەبەردی ژنان لەنـاو کۆمەڵگا و لـە شـوێنی کار و بنەماڵەدا،یەکێک بووە لەتایبەتمەندییە درەوشاوەکانی خەباتیشۆڕشـگێرانەی ئـەم ٤ دەیـەی دوایـی ژنانـی ئێـران. خەباتێـک کـە لەمـڕۆدا ئاڵاهەڵگری شۆڕشـی نوێـی "ژن، ژیـان، ئازادی"یـە، نـە تەنیـا لـە ئێران،بەڵکـوو لـە ناوچەکـە و جیهانـدا، مژدەبەخشی داهاتویەکیگەشە بـۆ سـەرجەممرۆڤایەتی.

٨ی مارسـی ٢٠٢٣ بـە پشـت بەسـتن بـە شۆڕشـی "ژینـا" و کاریگەرییـە جیها نییە کا نی ، د ە توا نێتلـە هەمانکتـدا ڕۆژی بەرزتـر کردنـەوەی ئـاڵای خەبـات دژ بـە نایەکسـانی جنسییە تیلە سە ر تا سە ر ی دنیـادا بێـت. هەروەهـا ڕۆژێکـی ورەبەخـش بێت بـۆ ژنانـی گیـرۆدەی دەسـتی تالیبـان لـە ئەفغانسـتانو وڵاتانیرۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و قـارەی ئافریقـا، کـە پـڕە لـە فەرهەنگـی مەزهەبـی، پیاوسالاریی ودژی ژن.پیاوانی ئـازادی خـواز و بەرابـەری تەڵـەب، دەتوانـن و پێویسـتە دەسـت لەنـاو دەسـتییەک، لەدژیفەرهەنگ و یاسای دژی ژن و پیاوسـالار، لـەدژی شـەڕ و بونیادگەرایـی مەزهەبـی و لەدژیئاپارتایدی جنسـییەتی، بۆ دیفاع لە شۆڕشی ئێران تا گەیشتن بە مافەکانیان درێژە بە خەباتێکیشێلگیرانە بدەن.لە ٨ی مارسـی ئەمسـاڵ ڕۆژی جیهانـی ژنـدا، پێویستەشـەقام و مەیدانـی شـارەکان لـە ئاسـتی دنیـاو لەژێـر کاریگـەری ئـەم شۆڕشـەی ئێسـتادا لـە ئێـران کەڕەنـگ و بۆنێکـی ژنانەتریبەخۆیـەوە گرتـۆوەبکەنـە گۆڕەپانـی خەبات و نارەزایەتـی دەربڕیـن. لەمـڕۆژەدا پێویسـتە ئەڕتەشـی ملیۆنـی ژنـان و پیاوانـی کرێکار،ئینسـانە ئازادیخـواز وبەرابـەری تەڵەبـەکان، کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان بەهاوپشـتی و هاوخەباتـی و پتەوکردنـی هەرچـی زیاتـری ڕیزەکانیان،دەنگـی نارەزایەتـی خۆیـان لـەدژی نیزامـی پـڕ لـە هەڵاواردنـی سـەرمایەداریی و لەسەرویانەوە شـەڕی کۆنەپەرسـتانە و ئیمپڕیالیسـتیی لـە ئۆکراینـو کوشـتاری خەڵکـی بێدیفاعومافخـوازی ئێران،بـەرز بکەنـەوە و مژدەدەری دنیایەکیبـەدوور لـە شـەڕ و کوشـتار و ستەموسـەرکوت، واتـا دنیـای سۆسـیالیزم بـن کـەڕزگاری ژن تێیدایەکێـک لـە پێـش مەرجەکانیـڕزگار بوونـی گۆمەڵگایە.ئەمـە تەنیـا ئاواتێکـی شـیرینی دورەدەسـت نییـە بەڵکـوو پێشـمەرجەکانی وەدیهاتنـی لەدونیـای ئەمـرۆدا فەراهـەم بـووە. ئیمـە دڵنیایـن ژنانـی سـتەملێکراوی ئێـران کـە لەمدەورەیـەدا پێشـەنگایەتی دەکـەن، ئـەو ئامانجانەبـەدی دەهێنـن.

جارێکـی تـر ٨ مـارس ڕۆژی جیهانـی ژنتـان لـێ پیـرۆز بێـت.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
٨ی مارسی ٢٠٢٣
١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠١

***

# دیفاع لە ژینگە داکۆکی لە مافە سەرەتاییەکانی ئینسانە

چەند ڕۆژ زیاتری نەماوە بۆ سیزدەبەدەر. ڕۆژی سیزدەی مانگی خاکەلێوە لەو ڕۆژە بەهاریانەیە کە زۆربەی خەڵک لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران، بەیانی زوو دەچنە دەرەوەی شارەکان و دەڕێژنە داوێنی کێو و سارا. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژەکانی پشوی نەورۆزیدا تا گەیشتن بە سیزدەبەدەریش هیچ دەرفەتێک بۆ ئارام گرتن و سەیران لە ناخی سروشت دا لەکیس نادەن. لە بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی بە ڕشتنی خوێنی ئازیزانمان، دەیەوێ کەشێکی پڕ لە غەم و پەژارە بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنێ، لە بارودۆخێکدا کە ئەم ڕژیمە لەگەڵ هەرشتێک کە بۆنێکی لە شادی و شور و نشاتی لێبێت دوژمنایەتی دەکات، ئەم جۆرە دەرفەتانە بۆ شکاندنی فەزایەک کە کۆماری ئیسلامی هەوڵ ئەدات لەم کۆمەڵگایەدا نیهادینەی بکات، گەلێک گرنگ و حەیاتیە.

بەڵام ئەگەر ئەم تەفریحاتە سالم و حەیاتیە و چێژ وەرگرتن لە سروشتی جوان بە بەجێ هێشتنی زبڵ و پاشەڕۆیەکی زۆر، لق و پۆی شکاو و سوتاوی دارەکان، بە ڕاو کردنی ئەو باڵندانەی کە لەگەڵ ئێمەدا لە بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتی سروشت هاوبەشن و هیتر کۆتایی بێت، کەوایە لە ڕاستیدا لەبەر سەیرانێکی کورت ماوەی خۆمان بە کردەوە دەستمان داوەتە وێران کردنی سروشت.

لە ساڵانێک لەوە پێشەوە، کوردستان بەردەوام شوێنی خەڵکێک بووە کە دانیشتوانەکەی بە دەست دانە داهێنان و خەباتێکی جەماوەری و پێشڕەو، لە هەوڵدا بوون کە ژیان بۆ خۆیان دادپەروەرانە تر و ژینگەش ئینسانی تر بکەن. حەرەکات و ئیبتیکاراتی جەماوەری و پێشکەوتوانەی ئەم چەند ساڵەی دوایی، نیشانەی ئاڵوگۆڕی دەروونی و قوڵ بووە لەم کۆمەڵگایەدا، کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

خاوێن کردنەوەی ئاواییەکان و گەڕەکی شارەکان لە زبل و خاشاک لە لایەن خەڵکی خۆبەخشەوە، بۆتە حەرەکەتێکی سیمبولیک دژبە سیگار و قلیان کێشان و ئاگر دانیان لە شوێنە گشتیەکان، شکاندنی تفنگ و قەفەسەکان و ڕزگار کردنی باڵندەکان، کەمپەین دژبە ڕاو کردن و توندوتیژی لەدژی گیانداران، هەوڵدانی بە کۆمەڵ بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان و هیتر لە زومرەی ئەو ئیبتیکارانە بوون کە لە کوردستان بەرە بەرە بونەتە فەرهەنگی زاڵ لەم کۆمەڵگایەدا.

بەڵام ئاستی ئیبتیکاراتی جەماوەری و جێگای قەدردانی تەنیا بە پاراستنی ژینگە بەرتەسک نەبۆتەوە. لە دەورەی بڵاو بوونەوەی پەتای کورۆنادا ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی بەرپرس و تێکۆشەر قۆڵیان هەڵماڵی و بە ئیمکاناتێکی کەم کە لەبەر دەستیاندا بوو، بە شێوەیەکی ڕێکخراو، دەستیان دایە خزمەت کردنی خەڵکی نیازمەند. لە کاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتیەکاندا ئەم جۆرە ئیبتیکاراتە بە خێرایی دەکەونەکار و ڕۆحیەی هاوپشتی لە نێو خەڵک لە کۆمەڵدا بە هێز دەکەن. هاوخەمی مامۆستایان و قوتابیان لەگەڵ شاگردە نەخۆشەکان لە مەریوان و دیواندەرە، کەمپەینی پشتیوانی لە منداڵانی شین ئاوا کە لە قوتابخانە نا ئەمنەکاندا لە ئاگردا سوتان، تەنیا چەند نمونەیەکن لەم حەرەکەت و ئیبتیکاراتە پێشکەوتوانەیە. دیفاع لەم ئیبتیکاراتە، کردنیان بە ڕەوتێکی جیدی و بەهێزی کۆمەڵایەتی، ئەرکێکی ئینسانی و شۆڕشگێڕانەیە.

ئێمە لە کوردستان تێکۆشەرانێکی وەک شەریف باجوەر و هاوڕێ گیانبەخت کردوەکانیمان هەبووە، کە بە شێوەگەلی نوێی خەبات بۆ دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ، داکۆکی لە زیندانیانی سیاسی و بومەلەرزە لێدراوان، لە ئەوین و خۆشەویستی بێ سنوریان بۆ پاراستنی ژینگە، کە لە کۆتاییشدا گیانی خۆیان فیدا کرد، تا دارەکان و گیانداران بە زیندویی بمێننەوە.

بەڵام بەداخەوە ئەمە هەموو داستانەکە نییە. حکومەتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی و بەشی ناوشیار و نا بەرپرسی خەڵک دەست ئەدەنە وێران کردنی ژینگە. حکومەتی ئیسلامی بە ئاگردانی دارستانەکان، دانانی مین لە ناوچە سنوریەکان، سەرمایە گوزاری نەکردن لە ژێربینای پاڵاوتنی ئاوی ئاوەڕۆکان، سیاسەتی کۆنەپەرستانە بۆ پاراستنی سەرچاوەی سروشتی، لێدانی بیر و کەڵک وەرگرتنی نا بەرپرسانە و کارناسی نەکراو لە سەرچاوەی سروشتیدا، جادە سازی نیزامی، بە هەژار هێشتنەوەی خەڵک، گورزی قورسی لە ژینگە داوە لە کوردستان.

بەشی نابەرپرس بە ڕاو کردنی بێ بەرنامە، ئاگردانی دارەکان، پیس کردنی ژینگە بە تایبەت لە کاتی پشوەکانی نەورۆزدا، ڕشتنی زبڵ و پاشەڕۆ بۆنەتە هۆکاری سەدەمە لێدانی زۆر لە ئاژەڵەکان، باڵندەکان و نا ئەمن کردنی سەیرانگاکان. لە سەرودەمی سێزدەبەدەر و لە سەیرانە بەهاریەکاندا، دیفاع لە ژینگە لە هەموو کاتێکی تر پێویست و زەروری ترە. ژینگەیەکی سالم مەرجێکی حەیاتیە بۆ بوونی کۆمەڵ و خەڵکێکی سالم.

ئێمە دیفاع لە سەرجەم ڕێکخراو و ناوەندە مەدەنیەکانی لایەنگری پاراستنی ژینگە دەکەین و هاودەنگ لەگەڵ ئەوان خەڵکی کوردستان بۆ دیفاع لە ژینگە و خاوێن ڕاگرتنی سەیرانگاکان بانگەواز دەکەین.

ئێمە لە بە را نبە ر مندا ڵا نـو لا وا ن یکۆ مە ڵو لە بە را نبە ر نە وە یـدا ها ا تو دا بە ر پر سینتا ژ ینگە یە کی سا لمو خا وێنیا نبد ە ینە د ە ست .

***

## ئامادە کردنی مەنشووری داخوازییە لانیکەمەکانی خەڵکی کوردستان وەک پێویستییەک!

شۆڕسی ژینا بە دروشمی سەرەکی" ژن، ژیان، ئازادی" شوور و شەوقی بە جەماوەریملیۆنی کرێکاران و زەحمەتکێشان، خەڵکی کوردستان، بەلوچستان، کەمینە نەتەوەیی ومەزهەبیەکان، ژنان، لاوان، هاوڕەگەز خوازان وڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەخشیوە، تاداخوازییە لانیکەم و بنەڕەتی و ستراتیژیکەکان جارێکی تر پێناسە و ئامادە بکەن. نوێترینهەوڵ لەم بوارەدا لەبەرواری ٢٥ی مانگیڕێبەندانی ١٤٠١ بڵاو کرایەوە، «مەنشووری داخوازییەلانیکەمەکانیڕێکخراوە سەربەخۆ سنفی و مەدەنییەکانی ئێران"ەکە لەلایەن ناوەند و تەشەکولەسەربەخۆکانی نێوخۆی وڵاتەوە ئامادە کراوە. ئەم مەنشوورە کۆمەڵێک داخوازی گرنگ لەخۆ دەگرێت کە خەڵکیکوردستان هاوڕێ لەگەڵ لاوان، ژنان و کرێکاران لە سەرتاسەری ئێران ساڵانێکەلەپێناو دەستەبەربوونیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی سیاسی و چینایەتیدا خەباتیان کردووە. بەڵام ئەمسەنەدە بە گشت گرنگی و شیاوی داکۆکی لێکردنی، لە باری داخوازییە لانیکەمەکانی خەڵکیکوردستانەوە کەموکووڕی هەیە. خەڵکی کوردستان ٤٤ ساڵە بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتیو هەڵاواردن و دەستەبەرکردنی ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدستەویەخە بوون و قوربانیان داوە. لە هەمان ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاریڕژیمی ئیسلامی، خەڵکی کوردستان داخوازییە لانیکەمەکانی لەلایەن هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردەوە، کە کۆمەڵەیەکێک لە ئەندامە هەڵسوڕاوەکانی بوو، لە چوارچێوەی مەنشوورێکی ٢٦ مادەییدا ئامادە کرا. لەو کاتەدا کۆمەڵەوێڕای بەرنامە حیزبییەکان و سەنەدی مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان،هەڵسوڕاوانە لە ئامادەکردنی سەنەدی سەرەکی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورددا بەشداریکرد. ئەم مەنشوورە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە شێوەیەکی بەرین پشتیوانی لێکرا. بەڵامرژیمی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا قەبووڵی نەکرد بەڵکوو وڵامی خەڵکی کوردستانی بەلەشکر کێشی و کوشتار دایەوە.ئێستا کە" مەنشووری داخوازییە لانیکەمەکانی تەشەکولە سەربەخۆ سنفی و مەدەنییەکانیئێران" ئامادە کراوە، جێگای خۆیەتی لەپاڵ ئەوەدا مەنشووری لانیکەمی داخوازییەکانی خەڵکیکوردستانیش بەرۆژ بکرێتەوە و بخرێتەوە بەردەمڕای گشتی. کۆمەڵە لە درێژە هەڵوێستی بەرپرسانە و شۆڕشگێڕانەیڕابردودا، ئامادەکردن و دەقیق کردنەوەی داخوازییە لانیکەمەکانی خەڵکی کوردستان لەم بارودۆخەنوێیەدا بە پێویست و لەڕاستای بەرژەوەندی خەڵک و شۆڕشی ئێستادا دەبینێ و شێلگیرانە پشتیوانی لەو هەوڵانەدەکات کە لەم بوارەدادەدرێن.ئەزموونی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دژبەڕژیمی سەڵتەنەتی و ئەزموونی هەموو شۆڕشەشکستخواردووەکانی ئەم چەند دەیەیڕابردوو ئەوەمان فێر دەکات کەڕەد کردنەوە و نەویستنیڕژیم و نیزامێکی سیاسی بە تەنیا، بەس نیە. پێویستە هێڵە سەرەکییەکانی ویست و داخوازییەکان وبەرنامەیڕژیمی جێگرەوەش لە پێشدا بە وردی و بەڕوونی خرابێتە بەردەمڕای گشتی وسەرەنجام لە جەریانی خەباتدا بۆڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیڕەش نووسییاسای بنەڕەتیداهاتووی ئێران ئامادە بکرێت. لە دنیای ئەمڕۆدا پێبەند بوون بە مەنشوورە سیاسی، کۆمەڵایەتی،ژینگەیی،ڕاگەیاندن و دامەزراندن مەرجی سەرەکی دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و بەشداریخەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدایە. بوون و قەبوڵکردنی مەنشوورە دێموکراتیک ویەکسانیخوازەکان فاکتەرێکی گرنگە بۆ بردنە ژێرچاوەدیری قسە و کرداری ئەمڕۆی ئەو هێز وڕەوتانەی خۆیان لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات خۆشکردووە لە ئێران و پێوانەیڕاستەقینەشبۆ داوەریکردن سەبارەت بە کردارەکانیان ئەدات بە دەستەوە. ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان هەڵسوڕاوان و پسپۆڕان لەم بوارەدا بانگەواز دەکەین تا مەنشووری لانیکەمی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان هاوتەریب لەگەڵ ناوەرۆکیپێشڕەو، پێشکەوتنخواز، وەحدەت تەڵەبانە و سەرتاسەریی" شۆڕشی ژینا" ئامادە و بەرۆژبکەنەوە. دیارە کۆمەڵە لەمڕێگایەدا هەرچەشنە هاوکارییەکی لەڕاستای ئامادەکردنی وەها سەنەدێکدا لەدەست بێتدرێغی ناکات.

***

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 425- March 2023
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# مێژووی ئیستبداد و سەرکوت لەساڵی ١٣٥٧ەوە دەست پێناکات

گۆیا مێژو بوونەوەرێکی بێ ئازارە کە هەرکەس دەتوانێ بەپێی بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی ئەمڕۆی خۆی لە هەر کاتێکدا بێتیاری پێبکات و وێنایەکی نارۆونی لێ بەدەستەوە بدات. لەمڕۆدا دوو دەستە لە ئەکتەرانی گۆڕەپانی سیاسەت لە ئێران زیاتر لە هەررەوتێکی تر لە هەوڵدان مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتە بەپێی بەرژەوەندیەکانی ئەمڕۆیان چەواشە و ئاوەژوو بکەنەوە. سەڵتەنەت تەڵبە توندڕەوەکان لە سەرودەمی ٤٤مین ساڵی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، ساڵیڕوخانی حکوومەتی پاشایەتی و دەستپێکی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، سەردەمی سەڵتەنەتی پەهلەوییەکان ئاوەژوو بکەنەوە و پیرۆزی بکەن و دەستپێکی ئیستبداد و دواکەوتویی بگێڕنەوە بۆ دوای ساڵی ١٣٥٧ و ڕوخانیرژیمی پاشایەتی. بەڵام ئەوڕاستیانەی کە بوونە هۆکاریڕاپەڕینی ملیۆنی خەڵک، بوونە هۆی نارەزایەتی بەرین و مانگرتنی سەرتاسەری، پێچەوانەکەی دەسەلمێنن. سەرەڕای گەشە و بە ر ە و پێشچو و نێکی کە لەسەردەمی پەهلەویەکانداڕوویدا و تەنیا تایبەت بە ئێرانیش نەبوو، گەشەی ئابووری لەگەڵ ئیستبدادی تاکەکەسی، لەگەڵ کۆنترۆڵی ساواک بەسەر گیان و ماڵی خەڵکدا، وێڕای قووڵتر بوونەوەی کەلێنی نێوان هەژاری و سەروەت، گەندەڵی لەرادەبەدەری دەربار و تاڵانکردنی سەروەتی گشتیشی لەگەدا بوو. ئازادی بەیان و ئازادی حیزب و ڕێکخراوە بوونی نەبوو. ڕاگەیەنەرەکان لە کۆنترۆڵی ساواکدا بوون و بەسەدان نووسەر و مامۆستای زانکۆ و بە هەران نەیاری سیاسی لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە و هێندێک جار ئێعدام دەکران. بەهۆی کەلێنی چینایەتی و هەڵاواردنی سیستماتیک لە ناوچەکانی وەک کوردستان و بەلوچستان، هەژارییەکی لەرادەبەدەر بەسەر ژیانی خەڵکی ئەو ناوچانەدا سەپێندرابوو. لەسەر وەها بەستێنێک بوو کە خەڵکی ئێران لەدژیرژیمی شا ڕاپەڕین و ڕوخاندیان. لەگەڵ ها تنە سە ر کا ر یر ژ یمی کۆماری ئیسلامی، کارەساتی قورستر بەسەر بەشێکی بەرین لە کۆمەڵگەدا هات. هەژاری و سەرکوت بەرینتر بۆوە. شەڕی ئێران و عێراق، شەڕی حکومەتی ئیسلامی لەدژی خەڵکی کوردستان و کوشتنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٦٠ دا، سەرکوتیان گەیاندە ئاستێکی تر. هەڵاواردنی سیستماتیک لەدژی ژنان و کەمینە نەتەوایەتی و مەزهەبییەکان، دەژمنایەتی لەگەڵ زانست و زانیاری و پەرەدان بە خوڕافە و نەزانی، بوون بە سیاسەتیڕەسمی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی. لە وەها هەلومەرجێکدا بوو کە پاشماوەکانی سەڵتەنەتیروخاو، کەڵکیان لە بارودۆخی خراپی خەڵک وەرگرت و حکومەتی پەهلەوییان وەک خزمەتکار و ڕزگاریدەری خەڵک ناساند.







بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە سەرەڕای شەڕی تەبلیغاتی نێوان ئەم دوو هێزە کۆنەپەرستە، گەلێک خاڵی هاوبەش و وێکچوو لە نێوان دوو ڕژێمی سەڵتەنەتی و ئیسلامیدا بوونی هەیە. سەڵتەنەت و دەزگای دین هەردوکیان هۆکاری سەرەکی بوون لە دروست بوونی بارودۆخی خراپ و نابەسامانی ژیان و بەرێچوونی ئێستای بەشی هەرەزۆری خەڵک، هاتنە ئارایینیزامێکی ئیستبدادی بێ سنوور و پێشێل بوونی مافە سەرەتاییەکانی تاکەکەسی، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئینسانەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا. مێژووی زیندوو و هاوچەرخی ئێران ناکرێت بە هیچڕادەیەک لە تەبلیغات و پاساوی درۆینە ئاوەژوو بکرێتەوە. دەربار و دەزگایرۆحانییەت هۆکارە سەرەکیەکانی ئیستبداد، دواکەوتویی و لەناوچوونی کۆمەڵگای ئێران و ئێش و ئازارەکانی خەڵکن. شەڕی ئەم دوو هێزە هیچ پەیوەندییەکی بە قازانج و بەرژەوەندی خەڵکەوە نییە. بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، بەرابەر، پێشکەوتوو و پڕ لە خۆش بژێوی، پێویستە دەستی ئەم دوو هێزە کۆنەپەرستە لە سەر ژیان و چارەنووسی خەڵک کورت بکرێتەوە.

***

## دواستون

### یادی٣٥مین ساڵەی بۆمبارانی شیمیائی هەڵەبجە و گیانبەختکردنی هاوڕێیانی گوردانی شوان

٢٥ی مانگی ڕەشەممە ساڵیادی بۆمبارانی شیمائی شاری هەلبجەیە. ٣٥ ساڵ لەوە پێش، لە کاتێکدا کە کۆمەڵانی ستەملێکراوی خەڵکی کوردستان چاوەڕێی هاتنی بەهار و گوڵ و سەوزەڵانی و شنەی بای بەهارییان دەکرد، لە کاتێکدا دەشتی جوان و سەرسەوزی شارەزوور بەرگی ڕەنگاورەنگی لەبەر کردبوو و ئامێزی پر لە بۆن و بەرامەی بۆ نەورۆز و ساڵی تازە ئاواڵە کردبوو و لە کاتێکدا باڵندەکان بۆ پێشوازی لە وەرزی بەهار ئاوازی خۆشەویستییان دەخوێند، لە کاتێکدا کە جەماوەری زوڵملێکراوی کوردستان دوای تێپەڕکردنیمێژوویەکی پڕ لە ڕەنج و ئازار و لە دەستدانی ئازیزان و خۆشەویستانیان، خۆیان بۆ پێشوازیی لە بەهار ئامادە دەکرد، لە ڕۆژانێکدا کە گەنجان و تازەلاوانی هەڵەبجە بۆ دەربڕینی هەستی عەشق و خۆشەویستی بەرانبەر بەیەکتر لە دەشت و کێوی ڕەنگینی شارەزووردا خۆیان دەڕازاندەوە و سرودی ئازادییان دەوت و تۆوی هیوا بە دوارۆژی روون لە دڵیاندا چەکەرەی دەبەست، لە ئاوا رۆژێکدا بوو کە ڕق و قینی ئەژدیهای حکومەتی بەعس و دیکتاتۆرە خوێن ڕێژەکەی، بۆ لەناوبردنی بەهار و گوڵ، شادی و خۆشی، مرۆڤ و پەلەوەر، ئاسمانی شینی هەڵەبجەی بۆ هەمیشە ژاراوی کرد و گوڵاڵە سوورەکانی دەشتی شارەزووری بۆ هەمیشە ژاکاند و باڵندەکانی لە خوێندن خست و گریانی منداڵانی ساوای بۆ هەمیشە لە گەرویاندا قەتیس کرد.

لە ئاوا رۆژێکدا بوو کە دوو حکومەتی بەعس و ئیسلامی لە درێژەی شەڕی کۆنەپەرەستانەی خۆیاندا هەڵەبجەیان کرد بە گۆڕەپانی شەڕی دژی ئینسانی خۆیان و زیاتر لە ٥ هەزار ژن و پیاو و پیر و لاوی ئەم ناوچەیەیان بە گازی ژاراوی، قەتڵی عام کرد و بەو چەشنەیەکێك لە دزێوترین کردەوەکانی مێژووی پڕ لە سەرکوت و جەنایەتی خۆیان تۆمارکرد. ڕەنج و ئازاری خەڵکی شاری هەڵبجە هەر بە لەدەستدانی ئازیزانیان کۆتایی پێنەهات، بەڵکوو ئاسەواری گازی شیمائی گۆاستراوەتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو و منالانینەوەی نوێش بە دەستییەوە دەناڵێنن. ئەم جینایەتە سامناکە بە بەرچاوی زلهێزەکانی جیهانی سەرمایەدارییەوە بەرێوە چوو، ئەوان کە خۆیان هەموو کەرەسەی بەرهەمهێنانی گازی شیمیائیان خستبووە بەردەستی حکومەتی بەعسی عێراق، خۆیان لەم کارەساتە گێل کرد و تەنانەت تا ئێستاش دانیان بە هاوبەشیی خۆیان لە خولقاندنی ئەو جینایەتەدا نەناوە. لە ٣٥مین ساڵیادی ئەم جینایەتەدا،یادی قوربانیانی بێدیفاع دەکەینەوە و نەفرەت دەکەین لە تاوانبارانی ئەم جینایەتە کارەساتبارە.

کارەساتی هەڵەبجە لە هەمان کاتدا بۆ کۆمەڵەش ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو. لەو ڕووداوەدا ٦٨ کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەری ماندوویی نەناسی ناو ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە گوردانی شوان، کەوتنە ناو مەیدانی شەڕ و لە کاتیکدا کە کەوتبونەبەر گازی شیمیایی، لە شە ڕێکی نابەرابەر و دەستەویەخەدا لە گەڵ هیزەکانی رژیم خوینیان تێکەڵاو بە خوێنی ٥ هەزار مرۆڤی بێ تاوانی شاری هەڵەبجە و دەڤەری شارەزوور بوو.

بۆ ئێمە باشترین ریزگرتن لە ئازیزانی گوردانی شوان و هەموو ئەو خۆشەویستانەی لە پێناوی ژیانێکی ئاسوودە و پڕ لە سەربەستی بۆ مرۆڤایەتی گیانیان لە دەستدا، خەبات و نەسرەوتن تا بەدەستهێنانی سەرکەوتنە. ئەمەش تەنیا بە وەفاداربوون بەو ئامانج و ڕێبازە دەکرێت کە سەرجەم تێکۆشەرانی ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، گیانیان لە پێناویدا بەختکرد. لە ٣٥مین ساڵیادی گیانبەختکردنی پێشمەرگەکانی گوردانی شواندا، ریز لە یاد و بیرەوەری ئەو ئازیزانە دەگرین و هە زاران سڵاو و درود دە نێرین بۆ ئەندامانی بنەماڵە خۆڕاگر و سەربەرزە کانیان.

***